



گوڵان
ژمارە (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤





# کۆنگرێس بەبڕیار داوادەکات کونسوڵـ
# کۆشکی سپی بەنووسراو گەرەنتی سـ

گەیاندنی پەیامی سەرۆک ئۆباما بە سەرۆکی کوردستان وەرچەرخانێکی گرنگە نەک هەر لەپەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلی ئەمەریکا ، بەڵکو بەرزبوونەوەی ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە

لە راپۆرتی هەقیقەتە تازەکانی عێراق : سیاسەتی حوکمڕانی و فیدرالیزم هەوڵدراوە رایەڵەک لە نێوان سێ بواری گرنگ لەعێراقدا دروست بکەن:
١- بونیادنانەوەی عێراق.
٢- ئاسایش و سەقامگیری
٣- پرۆسەی سیاسی و پێکهاتنەوەی نیشتمانی لە نێوان سەرجەم عێراقییەکاندا

هاتنی رۆبەرت گیتس وەك نوێنەری سەرۆك ئۆبامـا بۆ هەولێـر و گەیاندنـی پەیامی سـەرۆك ئۆباما بە سـەرۆکی کوردسـتان، وەك گەرەنتـی و پاڵپشـتی حکومەتـی ئەمەریکا بۆ پاراسـتنی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنـی دەسـتووری عێـراق بە ماددەی ١٤٠ و چارەسـەرکردنی کێشـەی گاردی کوردسـتان(( هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان)) و، چارەسـەرکردنی کێشەی یاسـای نەوت و گازی حکومەتی فیدراڵی عێـراق، هەروەهـا گەیاندنـی داوەتنامەی سەۆرك ئۆباما بۆ سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی سەردانی کۆشکی سـپی لەواشنتۆن بکات، قبوڵکردنـی داوەتنامەکە لەلایەن سـەرۆك بارزانییەوە، وەرچەرخانێکی گرنگە نەك هەر لەپەیوەندییەکانـی نێوان گەلی کوردسـتان و گەلـی ئەمەریکا، بەڵکـو بەرزبوونەوەی ئاسـتی پەیوەندییە دپلۆماتییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە بۆ ئاسـتێك کە لەسـەر ئاستی کۆشکی سپی و وەزراەتی دەرەوەی ئەمەریکا بایەخی هەرێمی کوردسـتان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەراسـت دەکاتە ئەو ژمارە قورسـەی ناو هاوکێشەکە کە دەبێت بەووردی حسـابی بۆ بکرێت و رێز لەو سیاسەت و لۆژێکەی سەرۆکی کوردستان بگیرێـت، کـە توانی لەماوەی ١٨ سـاڵی



ئەم هەڵوێستەی سەرۆک مسعود بارزانی خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ هەموو سیاسەتمەداران و سەرکردەکانی عێراق و ئەمەریکا بۆ ئەوەی وورتر لەسەر راسپاردەکانی نێو راپۆرتەکەی بیکەر-هامیلتۆن هەڵوەستە بکەن

سەرۆک بارزانی وایکرد ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس کە ئەوکات بەڕێز جۆزیف بایدن جێگری ئێستای سەرۆک ئۆباما سەرۆکایەتی دەکرد، لە پلانی Bدا فیدرالیزم بچەسپێنیت

# ـــــخانەی ئەمەریکا لەهەولێر بکرێتەوەو ـــــەلامەتی هەرێمی کوردستانی راگەیاند

حوکمڕانی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستاندا، هەم پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و جیهان پیادەبکات و هەم لەسەر ئاستی عێراقیش هۆکارێك بێت بۆ بونیادی دیموکراتی و فرەلایەنی و دیموکراتی و ژیانی پەرلەمانی، بۆ ئەوەی عێراقییەکان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە بتوانن لە چوارچێوەی عێراقدا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێکەوە بژین.

**ئەگەر سیاسەت و دووربینی سەرۆک بارزانی نەبوایە ئەمەریکا لەعێراقدا رووبەرووی ڤێتنامێکی دیکە دەبووەوە**

لە تازەترین راپۆرتی هەردوو سەنتەری ستیمسۆن (STIMSON) و سەنتەری داهێنان و حوکمڕانی نێودەوڵەتی (CIGI) کە بە ناونیشانی ( هەقیقەتە تازەکانی عێراق : سیاسەتی حوکمڕانی و فیدرالیزم) لەم مانگەدا بڵاویان کردۆتەوە و لەلایەن هەردوو بەڕێز باڵیۆز موختار لەمانی باڵیۆزی پێشووی مەغریب لەعێراق و ئیلەن لەیپسۆن لەسەنتەری داهێنان وحوکمڕانی نێودەوڵەتی ئامادەکراوە، هەوڵدراوە رایەڵەك لە نێوان سێ بواری گرنگ لەعێراقدا دروست بکەن:

١- بونیادنانەوەی عێراق.
٢- ئاسایش و سەقامگیری
٣- پرۆسەی سیاسیی و پێکهاتنەوەی نیشتمانی لە نێوان سەرجەم عێراقییەکاندا.

**پێویستە رایەڵێک بۆ پێکەوە بەستنەوەی هەر سێ لایەنی ( ئاسایش وسەقامگیری، بونیادنانەوە، پێکهاتنەوەی نیشتمانی) دروست بکرێت، ئەم رایەڵەش تەنها بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بە ماددەی ١٤٠ وە و پەلەکردن لە دروستکردنی هەرێمەکان و چەسپاندی فیدرالیزم دەبێت**

ئێمــە وەك گۆڤاری گوڵان وێــرای ئەوەی ســوودێکی زۆرمان لــەم راپۆرتــە گرنگە وەرگرتووە، بەڵام پەیوەندیمان بە هەردوو بەڕێز (( باڵیــوز موختار لەمانــی و خاتوو ئیلەن لەپیســۆن کردووە) بەسوپاسەوە باڵیۆز موختار لەمانی راستەوخۆ بۆ ئەم ژمارەیە قسەی بۆ کردین و خاتوو ئیلەنیــش دوای لێکردین کە بواری بدەین بەنووسین وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە، بۆیە لەم ژمارەیە بۆچوونەکانی باڵیۆز لەمانی بڵاو دەکەینەوەو لەژمارەی داهاتووش بۆ چوونەکانی خاتوو ئیلەن بڵاو دەکەینەوە.

بایەخ و گرنگی ئەم راپۆرتە زۆر لەو نووسینە گرنگترە کە لە ســاڵی ٢٠٠٦ پرۆفیســۆر ســتیڤن بیدل راوێژکاری پێنتاگۆن لەسایتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە(CFR) بەناونیشانی ( کە بەغدا دەبینین سایگۆنمان بیردەکەوێتەوە)بڵاویکردەوەو پاشــان لەسەر ئەم نووســینە گۆڤاری بەناوبانگی فۆرن ئەفێرز مێزگردێکی بۆ ستیڤن بیدل و چوار پسپۆری بەناوبانگی ئەمەریکی لەســەر عێراق گریدا کــە بریتیبوون لــە ( لاری دایمۆند،جامیس دۆبینز، چەیم کۆفمان،لیسلی گلب) تەوەری سەرەکی ئەم مێزگردەیان ناو نا (چیبکەین لە عێراقدا؟What do it in Iraq?) ئەمەش واتە ئیدارەی ئەمەریکا چی بکات بۆ ئەوەی عێراق نەبێتە ڤێتنامێکی دیکە؟، بۆیە دوای وتارەکەی ستیڤن بیدل و مێزگردەکەی فورین ئەفێرز ئیدارەی سەرۆك بوش بڕیایدا لەهۆڵی وینستۆن چەرچڵ لەناو کۆشکی کۆبوونەوەیەك بــە ئامادەبوونی نوێنەرانی پارتی کۆماری و پارتی دیموکراتــی ئەمەریکا گرێبدرێت، بۆ ئەوەی چارەنووســی نیشــتمانی ئەمەریکا لەرووبەڕووبوونەوەی ڤێتنامێکی دیکە رزگار بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بریار درا لیژنەیەکی فیفتی بە فیفتی لەهەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی بۆ دیراستەی بارودۆخی عێراق پێکبهێنرێت و ســەرۆکایەتیکردنی لیژنەکەش هاوبەش بێت لەدوو کــەس پێکبێت یەکەمیان نوێنەری پارتی کۆماری جیمس بێکەر وەزیری پێشــووی دەرەوەی ئەمەریکا بوو لەسەردەمی بوشــی باوك، نوێنــەری دیموکراتییەکانیش کۆنگرێسمان لی هامیلتۆن بوو، راپۆرتەکەیان ناوی لێنــرا راپۆرتی بیکــەر –هامیلتۆن، بەڵام لەبنەڕەتــدا راپۆرتەکە راپۆرتی گروپی دیراسەتی بارودۆخی عێراق بوو.

**سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهان پێی گووتین باری دیفاکتۆی ئێستای هەرێمی کوردستان بچەسپێن و پاشان کێشەی کەرکوک چارەسەر بکەن**

گەڕانــەوە بۆ ئەم باکگراوەنــدە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئەم راپۆرتە بە ئاســتێك بایەخی پێدرابــوو، هێندە راوێژی لەســەر کرابوو، کە هەموو ئەو سەرۆك، وەزیرانی دەرەوە بەرگری و راوێژکارانی ئاسایشــی نەتەوەیی ئەمەریکا کە لە ژیاندا مابوون بەشدارییان تێدا کردبوو، ئەمە بێجگە لەهەموو پســپۆرانی ناو سینك تاکســەکانی ئەمەریــکا کــە تایبەتمەنــد لەســەر کێشــەی عێراق، هەروەها زۆربەی سیاسەتمەدارانی عێراق بەشداریان تێدا کردبوو، بەڵام لیژنەکە بۆ نووسینی ئەو راپۆرتە گرنگە ســەردانی هەرێمی کوردســتانی نەکردبوو، بەهەرحــاڵ ئــەم لیژنەیە کە لەســەنتەری دیراساتی ستراتیژییەتی نێودەوڵەتی کارەکانی بەڕێوەدەبرا و ئەنتۆنی کۆردســمان سەرۆکی دیراساتی ســتراتیژی و تایبەتمەند لەهەمان ســەنتەر سەرپەرشــتی کارەکانی دەکرد، ئەم لیژنەیەی بە گەورەترین لیژنەی دیراســاتی ســتراتیژی لەمێژووی دیپلۆماتی ئەمەریکا ناو زەد کردبوو، بۆیە کــە لیژنەکە کارەکانی تــەواو کرد کۆردســمان گووتــی: چاوەڕێ بوویــن فیــل بزێت مشــکی بــوو، The elephant gives birth to a mouse)، ئەم هەڵسەنگاندنەی کۆردسمان هەڵسەنگاندێکی ئەکادیمی بوو، هێشتا هیچ کەسێك لەسیاسەتمەدارانی ئەمەریکا و عێراق هەستی بە مەترسی راسپاردەکانی ئەم راپۆرتە نەکردبــوو، بە پێچەوانەوە راســپاردەکانی ناو راپۆرتەکەیان بە کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەمــوو عێــراق دەزانــی، بۆیە لــەم کاتە ناسکەدا کە ســەرۆك بارزانی بۆ میانگیری لەنێــوان شــیعە و ســونە و سەرخســتنی پرۆسەی سیاســیی لەبەغدا بوو، راشکاوانە بە هەموو جیهانــی راگەیاند، جێبەجێکردنی راسپاردەکانی ئەو راپۆرتە کارەساتێکی قورستر بۆ عێراق دروســت دەکات و وەك ســەرۆکی هەرێمی کوردســتانیش بە هەمــوو جیهانی راگەیاند کە هەرێمی کوردستان قبوڵ ناکات ئەو راســپاردانە هەمــووی جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی راســپاردەکان عێراق دەگێڕێتەوە بۆ ناو ئەوبازنە خوێناوییەی کە لەســەرەتای دامەزراندنییەوە تیایدا دەژی، بێگومان مێژوو شاهیدە و مێژووەکەش هێندە دوور نییە، دوای ئەم ئاگادارکردنەوەی ســەرۆکی کوردستان، ئینجا ســەرۆك بوش بە خۆیــدا هاتەوەو بە تەلەفون بە ســەرۆکی کوردستانی راگەیاند، کە راســپاردەکانی نــاو راپۆرتەکەی بیکەر-هامیلتۆن، تەنها راسپاردەن و ئەو راسپاردانەش مولزەم نین بۆ کۆشکی ســپی یان وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریــکا جێبەجێیــان بکات، ئەم هەڵوێستەی سەرۆك مســعود بارزانی خاڵی



وەرچەرخان بوو بۆ هەموو سیاســەتمەداران و ســەرکردەکانی عێراق و ئەمەریکا بۆ ئەوەی وورتر لەسەر راســپاردەکانی نێو راپۆرتەکەی بیکەر-هامیلتۆن هەڵوەستە بکەن، لەوە تێبگەن ئەو راپۆرتە چ کارەســاتێك بەســەر عێراقدا دووبارە دەکاتەوە، مەترســیترین خاڵ کە ئەو راپۆرتە وەك راسپاردە ئاماژەی پێکردبوو، ئەوە بوو پێشنیاری کردبوو حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە بەغدا دابمەزرێت و چارەســەرکردنی کێشەی کەرکوك دوابخرێت و بەجیا چارەسەر بکرێــت، بێگومــان ســەرۆك بارزانی لەو راســتییەی سەرۆك بوشی ئاگادار کردەوە کە هەموو نەهەماتی و مێــژووە خوێناوییەکەی عێــراق بریتییە لەخۆ دزینەوە لەچارەســەری کێشــەی کەرکــوك و بوونــی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە بەغدا.

ئــەم دووخاڵە حیکمەت و لۆژێکی ســەرۆك بارزانی وایکرد دوابخرێن لە کۆتایی ســاڵی ٢٠٠٦، بووە هەوێنی ئەوەی کە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس کە ئەوکات



> **کورد لەمافی گەلی کوردستان بێدەنگ نابێت لەبەرئەوەی گەلی کوردستان ئاماری راستی بۆ وەزارەتی بازرگانی ناردووەو پارێزگاکانی دیکەی عێراق زیدەرۆییان کردووە**

بەرێز جۆزیف بایدن جێگری ئێستای سەرۆك ئۆباما سـەرۆکایەتی دەکرد، لە پلانی Bدا فیدرالیزم بچەسپێنیت و پاشان لە ناو لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکا پەسـەند بکرێت، ئەمەش واتە سـەرەتایەك دروست بوو بۆ ئـەوەی ئەمەریکا فیدرالیـزم بۆ عێراق پەسـەند بکات و کاری بۆ بکات، بەڵام ئەم تێگەیشـتنە لە ناو پەرلەمانـی عێراق هەتا ئێستاش بەو ئاسـتە بوونی نییە کە ئومێدی ئەوەی لێبکرێت کە ئاییندەی عێراقی لەسـەر بونیاد بنرێتەوە، بۆیە پێش کۆشـکی سـپی و کۆنگرێس سـینك تاکسـەکانی ئەمەریکا بە تایبەتی وەك ئامۆژگاکانی واشـنتۆن بۆ سیاسـەتی رۆژهەڵاتی نزیـك و کارینجی و پەیوەندییەکانی دەرەوەو ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ستیمسۆن و سەنتەری داهێنان وحوکمڕانی نێودەوڵەتی و راپۆرتەکانی فەرماندەی سەربازی و باڵیوزخانەی ئەمەریکا لە عێراق، گەیشـتوونەتە ئـەو قەناعەتەی کە پێویسـتە رایەڵێك بۆ پێکەوە بەستنەوەی هەر سـێ لایەنی ( ئاسایش وسەقامگیری، بونیادنانەوە، پێکهاتنەوەی نیشتمانی ) دروست بکرێـت، ئەم رایەڵەش تەنها بە جێبەجێکردنی دەسـتووری عێراق بە مـاددەی ١٤٠ ەوە و پەلەکـردن لـە دروسـتکردنی هەرێمەکان و چەسپاندی فیدرالیزم دەبێت.

ئەم دواییانەش نەك لەدوای رووخانی رژێمی عێراقەوە، بەڵکو لە ماوەی ١٨ ساڵی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دواکاری کوردستان بووە بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکانی عێراق و هەوڵدان بـۆ رێگرتن لە پارچە پارچـە بوونی عێراق و، هێشـتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی وەك وڵاتێك کە پێکهاتە جیاوازەکانی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە تێیدا بژین و ناسنامەی عێراق بە ناسنامەی نیشتمانی خۆیان بزانن.

لـە هەفتەی رابردوو بینیمان و گوێبیسـتی بووین، هەڵوێستی سـەرۆکی کوردستان بوو لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئاییندەی عێراق، ئەم هەڵوێستەی سـەرۆکی کوردستان کە زۆر بە توندی بەگژ ئەو بیربۆچوونە شۆڤێنیانە بووە و هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە لەسەر بنەمایەکی داد پەروەرانە بەرێوەنەچێت و هەر لەسـەرەتاوە مافی گەلی کوردسـتان پێشێلبکرێت، ئەوا گەلی کوردستان بەشداری ئەو لـەو هەڵبژاردنـە نـاکات و بایکۆتی دەکات.

> **هەموو هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی و هەڵوێستە نیشتمانییەکانی راستە لە بنەڕەتەوە داکۆیکردن بووە لە مافەکانی گەلی کوردستان و چەسپاندنی لە دەستووری عێراقدا، بەڵام لەهەمانکاتدا هەوڵێکیش بووە بۆ ئەوەی چۆن عێراقییەکان فێربن عێراقی نوێ بونیاد بنێنەوە**

زۆر لـە چاودێران پسـپۆرانی سیاسـیی و تایبەتمەنـد کە لەسـەر ئەم پرسـە گرنگە وەك گۆڤـاری گوڵان دیمانـەی تایبەتمان لەگەڵدا کـردوون، بیربۆچوونـی جیاوازیان پێراگەیاندووین، پرۆفیسـۆر چەیم کۆفمان کە خـۆی پێی باش بوو بـە وتارێك دیدی بۆچوونی خـۆی لەگوڵان بەکـوردی بڵاو بکاتەوەو لە ویبسایتی گوڵانیش بە ئینگلیزی و کـوردی بڵاویبکاتـەوە، راشـکاوانە پێی راگەیاندین، دەبێت عەرەبی عێراق بە راشکاوی داواکارییەکانی گەلی کوردسـتان تێبگات و کۆمپرۆمایز بکەن و مافەکانتان بسـەلمێنن، ئەگەر نـا چارەنووسـی عێراق کارەسـات دەبێت، پرۆفیسـۆر لیم ئەندرسۆن کە پسپۆرو

تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی عێراق بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی، پێی راگەیاندین هێشتا هەڵوێستی سەرۆك بارزانی نەرمی پێوە دیارە و پێویستە لەسەر چارەنووسی کەرکوك هەڕەشەی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن بە کەرکویشەوە، پرۆفیسۆر پاولینا باکەر سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهان پێی گووتین باری دیفاکتۆی ئێستای هەرێمی کوردستان بچەسپنن و پاشان کێشەی کەرکوك چارەسەر بکەن، هەروەها پرۆفیسۆر ئەنتۆنیی داماتۆش کە راوێژکاری یاسایی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ بووە، لە دووژمارەی لەسەر یەکی گوڵان پێی راگەیاندین، تەنها چارەی ئێوە بۆ ئەو تێنەگەیشتنەی عەرەبی عێراق لە خواست و داواکانی ئێوە ئەوەیە کە زەمینەی یاسایی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان ئامادەبکەن، بۆیە رێنمایی کردین کە راگەیاندنی دەوڵەت بەبێ زەمینەسازی یاسایی بۆ ئەو دەوڵەتە رووبەڕووی کارەساتان دەکاتەوە،

ئەگەر لێرەوە سەرنج لەهەڵوێستە نیشتمانییەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدەین، دەبینن :

١- بونیادنانەوەی عێراقی نوێ نابێت لەسەر حسابی مافەکانی هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بێت و دەبێت عێراقی ئایندە عێراقی هەموویان بێت.

٢- کۆمپرۆمایز و نەرمی نواند سنوری خۆی و شێوازی خۆی هەیە، ئەمەش واتە لەبەر ئەوەی ئێمە وەك گەلی کوردستان بریارمانداوە بە شیوەیەکی ئارەزوومەندانە لە عێراقدا بمێنینەوە، ئەوا ئامادەشین نەرمی بنێونین و کۆمپۆمایزیش لەسەر هەندێك مەسەلە بکەین کە کاریگەری لەسەر مافە بنەرەتییەکانی گەلی کوردستان ناکات، هەر بۆ نموونە :

أ- کورد ئامادەیە نەرمی بنونێت لەسەر ئیشکالیەتەی لەسەرکورسییەکانی پەرلەمانی عێراق دروستبووە هەتا ئامار لە عێراقدا ئەنجامدەرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی لەمافی گەلی کوردستان بێدەنگ نابێت لەبەرئەوەی گەلی کوردستان ئاماری راستی بۆ وەزارەتی بازرگانی ناردووەو پارێزگاکانی دیکەی عێراق زیدەرۆییان کردووە.

ب- کورد ئامادەیە نەرمی لەسەر داهاتی نەوت وگازی کەرکوك و هەموو کوردستان بکات و داهاتی کوردستان بە داهاتی هەموو عێراقییەکان بزانێت، بەڵام مەسەلەی ناوچە دابراوەکان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی ئەوە هێڵی سورەو نابێت کەس داوا لە کورد بکات لەسەر خاك داوای کۆمپرۆمایز یان نەرمی نواند لەسەرۆکی کوردستان بکات.

ت- کورد ئامادەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەپێی دەستووری عێراق (( گاردی پاراستنی هەرێمی کوردستانە)) بەشێك بێت لە سوپای عێراق و ئەرکی پاراستنی عێراقیش بە ئەرکی خۆی دەزانێت و بە کردەوەش سەلماندویەتی، بۆیە کە کورد قبوڵی بێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە تەنها هێزی عێراقی بووە بەشدار بووە لەپرۆسەی ئازاد کردنی عێراق و بەشێك بێت لە سوپای عێراق، چۆن دەبێت عەرەبی عێراق دژی ئەو هێزە بێت کە عێراقی رزگار کردووە و یان چۆن دەبێت ئەم هێزە نیزامییە کە هەموو



دەبێت عێراقییەکان بەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە لە سیاسەتی کۆمپرۆمایز و پێکەوە ژیان تێبگەن و فێربن لە پێناوی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا پیادەی بکەن

تەنها رێگە بۆ سەرکەوتنی ئەمەریکا لە عێراق و دوورخستنەوەی ئەگەری ڤێتنامێکی دیکە داڕشتنی سیاسەتە بۆ ئایندەی عێراق لەسەر بنەمای هەڵوێست و سیاسەتەکانی سەرۆک بارزانی


فەرماندەکانی دەرچووی کۆلێژە سەربازییەکانی کوردستان و عێراقن بە ملیشیا لەقەڵەمبدرێن، بۆیە هەموو هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی و هەڵوێستە نیشتمانییەکانی راستە لە بنەڕەتەوە داکۆیکردن بووە لە مافەکانی گەلی کوردستان و چەسپاندنی لە دەستووری عێراقدا، بەڵام لەهەمانکاتدا هەوڵێکیش بووە بۆ ئەوەی چۆن عێراقییەکان فێربن عێراقی نوێ بونیاد بنێنەوە و، چۆن زەمینەی ئەوە خۆشبکریت ئەقڵیەتی شۆڤێنی و عەسکەرتاری لە عێراقدا بنبڕ بکرێت و لە جێگەیدا بیرێکی تازەی دیموکراتی و فرەلایەنی و پێکەوەژیانی ئارەزومەندانە جێگەی بگرێتەوە.

ث- کورد ئامادەیە لەسەر چەسپاندن و پیادەکردنی فیدرالیزم لە عێراقدا،وتووێژ بکات، هەروەها رێگرنییە لەوەی عێراق ٣ هەرێم بێت یان ٥ یان ٧ یان هەر پارێزگایەك بۆ خۆی هەرێمێك، بەڵام دەبێت حکومەتی عێراق وعەرەبی عێراقیش بەهەمان شیوە رێز لە تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان بگرێت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان بریار لەسەر چارەنووسی هەرێمی کوردستان دەدەن لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەوە کاری حکومەتی فیدرالی بەغدا نییە بڕیار بدات کوردستان هەر چوار پارێزگای کەرکوك و سلێمانی وهەولێر و دهۆك و ناوچە دابڕاوەکانی نەینەواو دیالە و سەلاحەدین یەك هەرێم بێت، هەروەك چۆن حکومەتی فیدرالی بەغدا ئەو مافەی نییە کە داوا بکات بەسرا هەرێمێك بێت یان بەشێك لەو فیدرالییەتەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق داوادەکات، هەرێمی باشوری بەغدا هەر ٩ پارێزگاکەی باشور بگرێتەوە، بەڵام مافی حکومەتی فیدرالییە کە داوا بکات بەغدای پایتەختی عێراق هەرێمێکی سەربەخۆ بێت و بۆ هەمووان بێت، لەبەر ئەوەی بەغدا گەورەترین شاری شیعە و سونە و کوردە، بۆیە هەر دەبێت بۆ هەمووان بێت.

ئەم واقیعەی ئاماژەمان پێکرد، بۆ ئەوەیە کە دەبێت عێراقییەکان بەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە لە سیاسەتی کۆمپرۆمایز و پێکەوە ژیان تێبگەن و فێربن لە پێناوی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا پیادەی بکەن، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە و سوپاسی پسپۆر و تایبەتمەندەکانی سینك تاکسەکانی ئەمەریکاش دەکەین، کەتوانیان واقیعی هەرێمی کوردستان وسیاسەتە لۆژیکییەکانی سەرۆك مسعود بارزانی بە ئاستێك لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، کە ئیدارەی ئەمەریکی وکۆنگرێس بگەینە قەناعەت، کەتەنها رێگە بۆ سەرکەوتنی ئەمەریکا لە عێراق و دوورخستنەوەی ئەگەری ڤێتنامێکی دیکە، دارشتنی سیاسەتە بۆ ئاییندەی عێراق لەسەر بنەمای هەڵوێست و سیاسەتەکانی سەرۆك بارزانی. سەرۆك ئۆباما زۆر راشکاوانە نەك هەر لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، بەڵکو لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەشی لەگەڵ رەجەب تەیب ئەرۆدگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، رایگەیاند: دەبێت رۆڵی سەرکردایەتی کورد لە پرۆسەی سیایی عێراقدا بەرز سەیربکرێت و هەوڵبدرێت دەستووری عێراق بە ماددەی ١٤٠ یشەوە جێبەجێبکرێت. ئەم ئاماژەدانەی سەرۆك ئۆباما بۆ رۆڵی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ چۆنییەتی بونیادنانەوەی عێراق و پشگیریکردن بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەدابڕاوەکانە، بە پێی ئەو میکانیزمەی دەستووری عێراق بۆی ئامادەکردووە، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی تورکیاش لەبایەخ و گرنگی سیاسەت و لۆژیکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێبگات، کە دەبێت ئایندەی عێراق لەسەر ئەو سیاسەت و لۆژیکە بونیاد بنرێتەوە کە ماوەی ١٨ ساڵە هەرێمی کوردستانی وەك دەوڵەتی دیفاکتۆ پێ بەرێوەبراوەو توانیویەتی فاکتەرێکی ئیجابی بێت بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و جیهان و ئەزموونێك بێت بۆ دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی راستەقینە لە عێراق و ناوچەکەدا، ئەم جەختکردنەوەیەی سەرۆك ئۆباما لەگەڵ ئەردۆگان، مانای ئەوەیە نابێت دەوڵەتانی دیموکراتی یەکتری بەدوژمنی خۆیان بزانن، دەبێت دەوڵەتانی دیموکراتی دۆستی یەکتری بن، هەروەك لە هەموو مێژووی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی لە رۆژئاوادا، هەرگیز نەبووە دوو دەوڵەتی لیبرال دیموکراتی خۆیان بەهەڕەشە بۆ سەر ئەوی دیکەیان بزانن، کەواتە سەرۆك ئۆباما لەو راستییەش گەیشتە قەناعەت، تەنها رێگە بۆ رێگە گرتن لە دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ لەعێراقدا، پێرەوکردنی ئەو سیاسەتە نەرم و هێمنانەیە کە سەرۆك مسعود بارزانی لە هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ تورکیا پیادەی کردووە، بۆیە کاتێك جیهان دەبینیت ئێستا تورکیا قەوارەیەکی کوردستانی هاوسنوری تورکیا بە دوژمنی خۆی نازانێت و وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی سەردانی هەولێر دەکات، لە ژێر ئاڵای کوردستان وتورکیا کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان گریدەدات، ئەمە مانای ئەوەیە سیاسەت و لۆژیکی سەرۆك بارزانی ئەگەر پشتگیری لێبکرێت زۆر باش دەتوانرێت بۆ چارەسەری کێشە مەزهەبییەکانی نێوان عەرەبی سونە و عەرەبی شیعە سوودی لێوەربگیرێت و چیدیکە عەرەبی سونەی عێراق، عەرەبی شیعەی عێراق بەهەرەشە بۆ سەر خۆی نەزانێت و بە پێچەوانەشەوە عەرەبی شیعەش،عەرەبی سونە بەهەرەشە بۆ سەرخۆی نازانێت، لەمەش گرنگتر و لەناو دەوڵەت دراوسێکانی عێراقدا، سعودیە لە هەموو دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق بۆ ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستە گرنگە و لۆبیەکانی سعودیەش لەناو سیاسەتی ئەمەریکادا بوونیان هەیە و، هێندە کاریگەرییان هەیە کە هەڵەیە هیچ چاودێرێکی سیاسیی یان بریار سازێك لەبەر چاوی نەگرێت، بەڵام ئەگەر سیاسەت و هەڵوێست و لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی سوودی لێوەربگیرێت بۆ دڵنیاکردنەوەی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بەوەی عێراق نابێتە هەرەشە بۆ سەر هیچ دەوڵەتێك و تۆزێك بەووردی لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا هەڵوەستە بکەن، ئەوا هەرگیز سعودیە بیر لەوە ناکەتەوە ئەگەر سەرۆك وەزیرانی عێراق یەکێك لە برا شیعەکانی عێراق بێت، ئەمە مانای ئەوەیە هیلالێکی شیعە واتە( لە تەنگەی هورمزەوە تا بەندەری عەقەبە بە دەوری سعودیە دروست دەبێت و دەبێتە هەرەشە بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی سعودیە، بۆیە ئێستا عەرەبستانی سعودیەش نیگەرانییەکەی لە جێگەی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر بە لۆژیك وسیاسەتی پیادەکراوی بەڕێز مسعود بارزانی پەیوەندی هاوسێیەتی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیەش رێکبخرێتەوە، ئەوا هەرگیز ئەو حەساسیەتەی لە نێوان دەوڵەتی تورکیا بۆ قەوارەیەکی کوردستانی هەیە، هەرگیز ئەو حەساسیەتە لە نێوان سعودیەی سونە و هەرێمە شیعەکەی عێراقدا نابێت، بۆیە گەیشتنە قەناعەتی ئیدارەی ئەمریکی و کۆنگرێس و شەخسی سەرۆك ئۆباماو جێگرەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و دەوڵەتانی هاوسێی عێراق کاردانەوەی دەبێت، بەڵام گرنگی ئەم قەناعەتەی سەرۆك ئۆباما کە لە بەیاننامەی وەزراەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەنووسراو ئاماژەی پێبکرێت و کۆنگرێس بریار بدات و بیداتە.

**هەرێمی کوردستانی وەک دەوڵەتی دیفاکتۆ پێ بەرێوەبراوەو توانیویەتی فاکتەرێکی ئیجابی بێت بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و جیهان و ئەزموونێک بێت بۆ دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی راستەقینە لە عێراق و ناوچەکەدا**

**کەواتە سەرۆک ئۆباما لەو راستییەش گەیشتە قەناعەت، تەنها رێگە بۆ رێگە گرتن لە دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ لەعێراقدا، پێرەوکردنی ئەو سیاسەتە نەرم و هێمنانەیە کە سەرۆک مسعود بارزانی لە هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ تورکیا پیادەی کردووە**



111th CONGRESS
1st Session
**H. RES. 873**

Establishing a United States Consulate in the Kurdistan Region of Iraq.

**IN THE HOUSE OF REPRESENTATIVES**

**October 27, 2009**

Mr. ROHRABACHER (for himself and Mr. DAVIS of Tennessee) submitted the following resolution; which was referred to the Committee on Foreign Affairs

---

**RESOLUTION**

Establishing a United States Consulate in the Kurdistan Region of Iraq.

Whereas 15 countries including leading European nations have diplomatic and consulate representation in Erbil, the capital of the Kurdistan Region of Iraq;

**ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکا بە بڕیارێک**

# داوا دەکات کۆنگرێس بەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا رابگەیەنێت کونسولگەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بکرێتەوە

ئەم بڕیارەی خوارەوە دەقی بڕیارێکی کۆنگرێســـی ئەمەریکایە کە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە لە بریارەکەیدا ئاماژەی پێکراوە، بە پێویستی دەزانێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کونسولگەری خۆی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردســـتان بکاتەوە، بۆیە ئەم بڕیارە ئاراســـتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کردووە بۆ ئەوەی لەو رووەوە بریاربدات کۆنسەڵگەری لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە و ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:



گوڵان
ژمارە (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤

# دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

## دەقی بڕیاری ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس:

* لەبەر ئەوەی ١٥ وڵات لە نێویاندا وڵاتە ئەوروپییە سەرەکییەکان نوێنەرایەتی دیبلۆماسی و کونسوڵگەرییان لە هەولێردا هەیە، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە.

* لەبەر ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاستی هۆشداری و ئاگاداری بۆ گەشتکردن بۆ عێراقی دابەزاندووە لەم ساڵدا، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ئارامی و ئاسایشە ڕێژەییەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

* لەبەر ئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەگەڵ سیاسەتی ئێستای ئەمەریکادا دەگونجێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراق لەسەر ئاستە، دیبلۆماسی، بازرگانی، کەلتوری و پەروەردەییەکان، ئەمە لە کاتێکدا هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا لە عێراق پاشەکشەیان پێدەکرێت.

* لەبەر ئەوەی بوونی نوێنەرایەتییەکی مەدەنی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەرانسەری عێراقدا، لە نێویاندا هەرێمی کوردستان، خزمەت بە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات لە ماوەی ئەم قۆناغە ئینتیقالییە سەربازییە لە سەرانسەری وڵاتەکەدا.

* لەبەر ئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێتەهۆی زیادکردنی گەشتی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی و هەرێمی کوردستانی عێراقدا و، ئەمەش ئاڵوگۆڕی نێوان خەڵك لە هەردوولا بەهێزدەکات.

* لەبەر ئەوەی حاڵی حازر، ئەو هاوڵاتیانەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە یان لە هەرێمی کوردستاندا دەژین یان سەردانی ئەو هەرێمە دەکەن دەبێتە گەشت بکەن بۆ باڵێوزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەغدا، کە ٢٠٠ میل دوورە، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری کونسوڵگەری وەربگرن.

* لەبەر ئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەم یارمەتیدەر دەبێت لە ڕاکێشانی برێکی زیاتری کار و وەبەرهێنانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هەرێمەکە و هەم دەبێتە دەستەبەرێك بۆ ئەوەی هەرێمەکە بەردەوام بێت لە بینینی ڕۆڵی «دەروازە» بۆ سەرکەوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بواری کاردا لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا، هەروەك ئەوەی ژمارەیەك لە دامەزراوەکانی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگرییان لێکردووە.

* لەبەر ئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەبێتەهۆی پیشاندانی پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکان بە پاراستن و سوودوەرگرتن لە سەرکەوتن و سەقامگیری ئەم هەرێمە عێراقییە دیموکراتی و گەشەکردووە.

* لەبەرئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی زیاتری حکومی و ناحکومی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و هەرێمی کوردستانی عێراقدا، واتە بەرژەوەندی دوولایەنە.

* لەبەر ئەوەی کوردەکانی عێراق هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە شەریکێکی ئارەزومەندانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون لە قۆناغی ئینتیقالی بەرەو دیموکراسی لە عێراقدا و هەر لە پرۆسەی ئازادی عێراقەوە هەرێمی کوردستان وەك مۆدیلێك وابووە بۆ پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی عێراق.

* لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان شەریکێکی تەواوی یەکتربوون لە شەڕی دژە تیرۆر و ئەو کەسانەی هەوڵیاندا بەرەوپێشچوونی بەردەوام لە عێراقێکی فرەیی، دیموکرات و فیدراڵیدا لاواز بکەن.

* لەبەرئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕۆڵ دەبینێت لە بەردەوامیدان بە پاراستنی یەکپارچەی خاکی عێراق لە دەستدرێژی دەرەکی و دەبێتە پاڵپشتێك بۆ دەستپێشخەرییە دیبلۆماسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراق کە ئامانج لێیان ڕێگرتنە لە دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا.

> دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەم یارمەتیدەر دەبێت لە ڕاکێشانی برێکی زیاتری کار و وەبەرهێنانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هەرێمەکە



* لەبەرئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە هەمان شێوە دەبێتەهۆی بەرەوپێشبردنی گفتوگۆی بەردەوام لەسەر ئاستێکی ستراتیجی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا،

* لەبەرئەوەی دامەزراندنی کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەشدارییەکی ئیجابی دەکات لە دەستپێشخەرییە دیبلۆماسییە بەردەوامەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا: کەواتە لە ئێستادا بڕیاریدا

* ئەنجومەنی نوێنەران داوا لە وەزارەتی دەرەوە بکات کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بکاتەوە.

د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئێمە کە چووینە بەغدا سەرۆکی کوردستان هەموو دەسەڵاتێکی پێداین و پێی گووتین بەرژوەندییەکانی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگرن




گوڵان
ژمارە (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤

**بەڕێز د.کەمال کەرکوکی سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان و سەرۆکی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ دانوستاندن لەسەر ڕێژەی کورسـییەکانی هەرێمی کوردستان ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لەم دیمانە تایبەتەدا وردەکاری تەواوی ناو دانوستاندنەکە بۆ گوڵان باس دەکات و ئاماژە بەوە دەکات وێڕای ئەوەی کە ئەو ڕێژەیە لەئاستی خواست و داواکارییەکانی ئێمە نییە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی ڕێژەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان کەمکرابنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق چەندین تۆماری نادروستیان داوە بە وەزارەتی بازرگانی و هەڵبژاردنەکەش لەسەر ئەو تۆمارانە دەکرێت کە وەزارەتی بازرگانی دایناوە، بەڵام لەبەرامبەردا ئاماژە بەوە دەکات کە بەپشـتگیری بەڕێز مسـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان توانرا کە ژمارەی کورسییەکانی هەرێم لە ٣٨ کورسـییەوە زیاد بکرێت بۆ ٤٣ کورسـی و هەروەها توانرا چەند گەرەنتییەك لەسەر ئاستی کۆشکی سپی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و ئەنجامدانی ئامار بەدەستبهێنرێت و هەروەها ئەمەریکا پشتگیر بێت بۆ کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە لەگەڵ گوڵان.**

**ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە شاندێکی بەهێزەوە و لەسەر ئەمری جەنابی سەرۆکی هەرێم چوینە بەغدا و دەسەڵاتی ئەوەشمان هەبوو هەر ڕێککەوتنێک بکەین**

*** ئێوە وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سـەردانی بەغداتان کرد، ئایـا دەتوانن باس لە وردەکاری پەسـەندکردنی یاسای هەڵبژاردن و دابەشـکردنی کورسیەکانی هەرێم کوردستانمان بۆ بکەن؟**

- ئێوەش دەزانن کە ماوەیەك بوو گفتوگۆ لە بارەی یاسـای هەڵبژاردن دەکرا، ئێمە لەپەرلەمـان کوردسـتان بینیمان ناهەقی بەرامبەر ئێمە کراوەو لایەنەکانی دیکە بە نادروسـتی ڕێژەیی خۆیـان زیادکردووەو ڕیژەی هەرێمی کوردستانیان پەراوێزکردووە یان غەدریان لێکردووە، بۆ نموونە شـاری موسـڵ بە ڕێژەی ١٥,٥٨ ٪ لە بەیاناتی وەزارەتی بازرگانی زیادیکردووە لەکاتێکدا شـارێکی وەك سـلێمانی لەنێوان ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩دا لەسـەدا سـفر زیادیکردووەو بگرە ٢٠٠،٠٠٠ نفوسـیش کەمی کردووە، هەروەها ئەو بانگەشانەش ڕاست نین کە هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە بە گەڕاندنەوەی خەڵکی کەرکوك و ناوچە کێشـەدارەکان لێکدەدەنـەوە، چونکە ئەم گەڕانەوەیە لە سـاڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤دا ڕوویانداوە، نەك لە دوای سـاڵی ٢٠٠٥، ئەمە هیچ بنەمایەکی ڕاسـتی بۆ نییە. ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان هەڵوێستمان هەبـوو، هەروەهـا سـەرۆکی هەرێمی کوردستانیش جەنابی کاك مسعود بارزانی لەدەرەوە لـە بەیاننامەیەکدا هەڵوێسـتی خۆی خستەڕوو و پشتگیری لەپەرلەمانی کوردسـتان کـرد، دوای گەڕانـەوەی بەڕێزیشـیان لیژنەیەکـی پێکهێنـا بۆ بەدواداچـوون لەو بابەتە کە سـەرۆکی پەرلەمان و جێگری سـەرۆکی پەرلەمان بەشـداربوون لەو لیژنەیە، هەروەها چەند نوێنەرێکـی هاوپەیمانی کوردسـتانی و شـارەزای بواری ئاماریشی تێدابوو، ئێمە دوای ڤیتۆکەی تاریق هاشمی گەیشتینە ئـەو قەناعەتەی کـە ئەو پێشـنیارەی خراوەتەڕوو دەستوری نییە و یاسایی نییە و دژ بەمافەکانی کوردە. بۆ ئەمەش ئێمە دوو ڕێگەمـان لەبەردەمدا بوو، یان ئەوەتا یاسـا هەموارکراوەکە بچێتە سەرۆکایەتی کۆمـار و لەوێوە بگەڕێنرێتـەوە و دواتر بەپێی یاسـا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یاخود ئەو پێشنیارەی کە وتمان دەستوری نییە تەوافوقێکی سیاسی لەسەر بکرێت، چونکە ئێمە دوای دیراسەتکردنی هەموو بابەتەکان ئەوەمان خسـتەڕوو کە ڕاسـتە ڕێژەیەکی زۆر زیادیکردووە لەپارێزگاکانی دیکـە، بەڵام بـا لەبەرامبـەردا ڕێژەی هەرێمـی کوردسـتانیش زیادبکرێت، بۆ نموونە ئێمە بینیمـان ٣٠٠،٠٠٠ غەیری عێراقـی ناویـان لەبەیاناتـی وەزارەتی بازرگانیـدا هەیـە کە ئەمـە دەکاتە ٣ کورسـی، هەروەها ئەو کەسانەی مردوون ناویان نەسـڕاوەتەوەو وەك زیندوو حسابیان بۆ کـردوون، لە هەمان کاتـدا ئەوانەی کۆچیان کـردووەو چونەتە دەرەوەی عێراق بۆ سوریا و ئوردن و ئەوروپا هێشتا ناویان ڕەشنەکراوەتەوە لەشـوێنی خۆیانن. ئێمە لەپەرلەمانی کوردسـتان دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سـەرۆکی هەرێمی کوردستان بە شـاندێکی بەهێـزەوە و لەسـەر ئەمری جەنابی سـەرۆکی هەرێم چوینە بەغدا و دەسـەڵاتی ئەوەشـمان هەبـوو هـەر ڕێککەوتنێـك بکەیـن، یـان هـەر هەڵوێسـتێکمان هەبێت ئەوا سـەرۆکی هەرێمی پشتگیریمان لێدەکات.ئێمە لەگەڵ باڵیۆزی ئەمەریکا لەعێراق و نوێنەری بان کـی مون لەعێراق و نوێنـەری بەریتانیا کۆبووینەوەو هەموو ناهەقی و نادەستوری و نایاسـاییەکانمان خسـتەڕوو و ئەوەمان ڕوونکردەوە کـە خەڵکانێك هەن بە ناهەق ژمارەی کورسـی خۆیان زیـاد دەکەن و ژمارەی کورسـی ئێمە کـەم دەکەنەوە، هەڵوێسـتی ئـەوان ئەوەبـوو ئەگەر بەم شـێوەیە بڕوات ئەوا هەڵبژاردن ناکرێت و برا سـوننەکان نارازی دەبن، ئێمە ووتمان مەسەلەکە سوننە و شـیعە و کورد نییە، هەروەهـا کورد و عەرەبیـش نییە، بەڵکو مەسـەلەکە ئەوەیە ئێمـە ناعەدالەتی و ناهەقیمان بەرامبەر کـراوە، ڕۆڵی ئەوان لێکنزیککردنەوەی ئێمە و لایەنەکانی دیکە بـوو، بەڵام هەنـدێ جاریش لە سـنور دەردەچـوون و دەگەیشـتە هەڕەشـە و چاوسـورکردنەوە، بـەڵام ئێمەش بە هیچ شـێوەیەك سازشـمان نەکـرد و هەموو ناهەقییەکانمان خستەپێش چاویان و دواتر لەگەڵ لیسـتی هاوپەیمانی کوردسـتان دانیشـتنمانکرد کە پێشـتریش لەگەڵیان دانیشـبووین، بۆ ڕۆژی دواتر ئەو لایەنە بیانیانـە هاتنـە ئۆتێل بـۆ لای ئێمە و دانیشتنێکی دورودرێژمان لەگەڵیاندا کرد و ئێمـەش باسـی ناهەقییەکانمان کرد و وتمان ئەگەر فشـاریش بکـەن ئەوا ئێمە بەشـداری هەڵبژاردنـەکان ناکەین و با لایەنەکانـی دیکە بیکـەن پیرۆزیانبێت. دواتر ئـەوان پێشـنیاری ئەوەیـان کرد ژمارەی کورسیەکانی هەرێمی کوردستان لە ٣٨ کورسـی بکرێت بە ٤٣ کورسـی، ئەمە بۆ سـێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سـلێمانی و دواتر چەند کورسییەکەی قەرەبووش دێتەسەری، ئێمە ڕازینە بووین، بەڵام دواتر لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان و برایانـی یەکگرتـوو کۆبووینەوەو دوو

**ئێمە ووتمان مەسەلەکە سوننە و شیعە و کورد نییە، هەروەها کورد و عەرەبیش نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە ناعەدالەتی و ناهەقیمان بەرامبەر کراوە**

**ئەو لایەنە بیانیانە هاتنە ئۆتێل بۆ لای ئێمە و دانیشتنێکی دورودرێژمان لەگەڵیاندا کرد و ئێمەش باسی ناهەقییەکانمان کرد و وتمان ئەگەر فشاریش بکەن ئەوا ئێمە بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەین و با لایەنەکانی دیکە بیکەن پیرۆزیانبێت**

پێشنیار خرایەڕوو، یەکەمیان ئەوەیە بەو ڕێژەیە ڕازیبین کەپێشنیارکراوەو دووەم ئەوەیە ئەمە ڕەت بکەینەوە، هەڵوێستی ئێمە وەك شاندی کوردستان ئەوەبوو بەهیچ شێوەیەك قبوڵی ناکەین و دواتر خرایە دەنگدانەوەو خاوەنی پێشنیارەکە بە تەنها یەك دەنگی هێنا، کە ئەندامانی هاوپەیمانی کوردستان و ئەندامانی یەکگرتووش لەگەڵ ئەوەدابوون پشتگیری لە شاندی هەرێمی کوردستانی بکەن و ووتیان با بەس بێت هەر ئەوان هەڕەشە بکەن و ئێمەش سازشبکەین، ئێمەش ئەم هەڵوێستەمان قبوڵکرد و کردمان بە نوسراویش. دواتر جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆزیف بایدن پەیوەندی بە ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و سەرۆکی هەرێمیش هەمان هەڵوێستی پێڕاگەیاندبوو کە ناهەقی قبوڵناکرێت و باسی لەوەکردبوو کە با عەدالەتێك هەبێت و ئەگەر ئێمە زیان بکەین و یەکێکی دیکەش زیانبکات ئەوا با عەدالەتێك هەبێت و شتێکی سروشتییە هەرلایەنە و بە قەدەر قەبارەی خۆی زیانبکات. دواتر بەڕێز سەرۆکی هەرێم پەیوەندی بە ئێمەوە کرد و وەزەعەکەی بۆ باسکردین و پێی ڕاگەیاندین ئێوە لەوێن و ئێوە بڕیار دەدەن، بەڵام بەرژەوەندی بەرزی کوردستان لەبیرنەکەن و یەکهەڵوێستی خۆتان ڕابگرن و کۆکبن لەسەر ئەو بڕیارەی دەیدەن و و منیش بە هەموو توانامەوە پشتگیریتان لێدەکەم و هەر بڕیارێکیش دەدەن مام جەلال ئاگاداربکەنەوە و منیش لەسەر خەت دەبم لەگەڵتان. دواتر دووبارە جۆزیف بایدن هاتەوەسەرخەت، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام باڵیۆزی ئەمەریکا و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان دەهاتنە لای ئێمە و پێیان ڕاگەیاندین کە دەکرێت ئێمە چی بکەین بۆ ئێوە، ئێمەش پێشتر ئەوەمان لای خۆمان ئەوەمان گەڵاڵەکردبوو کە ئەگەر بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیە بڕوات ئەوا داوای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکێشەدارەکان لە نێویاندا کەرکوك، ئەمە لەبری ئەوەی چەند کورسییەکی کەم یان زیاد بکات، هەرچەندە کورسی کوردستانیش کەمی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی

**بەڕێز سەرۆکی هەرێم پەیوەندی بە ئێمەوە کرد و وەزەعەکەی بۆ باسکردین و پێی ڕاگەیاندین ئێوە لەوێن و ئێوە بڕیار دەدەن، بەڵام بەرژەوەندی بەرزی کوردستان لەبیرنەکەن و یەکهەڵوێستی خۆتان ڕابگرن و کۆکبن لەسەر ئەو بڕیارەی دەیدەن و منیش بە هەموو توانامەوە پشتگیریتان لێدەکەم و هەر بڕیارێکیش دەدەن مام جەلال ئاگاداربکەنەوە**

ئەو ئامارەی پێشکەش بە ئاماری مەرکەزی و وەزارەتی پلاندانان کراوە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە هێندەی ٤٢ کورسی و هەندێکە، ئێمە ئەمەمان ئەزانی، بەڵام لایەنەکانی دیکە ڕێژەی خۆیان زۆر زیاتر کردبوو و ئێمەش پێداگیریمان کرد لەسەر ئەوەی دەبێت ڕێژەی کوردستانیش لە بەرامبەردا زیادبکرێت. بیروڕای جیاواز هەبوون لەناو شاندەکەی ئێمە، هەندێك دەیانەوێت با پێداگیری بکەین و چی دەبێت با ببێت، هەندێکی دیکەش پێیان وابوو دەبێت نەرمییەك بنوێنرێت، بەڵام سنورداربێت. دواتر بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندی کردوو ووتی ئۆباما خۆی هاتۆتەسەر خەت و دەبێت ئێمەش بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانمان لەبەرچاو بێت، ئەگەر دەکرێت بگەینە ڕێککەوتن و کاریگەری لەسەر بارودۆخی کوردستان ناکات و لە بەرامبەردا دەستکەوت بەدەست بهێنرێت ئەوا مومکینە لەبەرچاوبگیرێت، ئێمە پێشتریش کەلەگەڵ ئەمەریکییەکاندا دانیشتین پێمان ڕاگەیاندن کە ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بڕوات ئەوا ئێمە دەمانەوێت لە بەرامبەردا جەخت لەسەر پابەندبوون بە دەستورەوە بکرێت، بە هەموو بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، لەبەر ئەوەی تەمومژییەك لەسەر ئەو ماددەیە لەناوەوە و دەرەوە هەبوو ئێمە ویستمان هەڵوێستی ئەمەریکا لەم ڕووەوە ببێتەهۆی لابردنی ئەو تەمومژە، دواتر ووتمان ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت ئەوا زوڵم و غەدری تێدایە، چونکە تەزویرێکی زۆر کراوە، لەبەر ئەوە دەبێت لەساڵی داهاتوودا سەرژمێری بکرێت، خاڵی سێیەم داوامان کرد ئەمەریکا پشتگیری لەهەرێمی کوردستان بکات و پشتگیری لەچارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بکات، لەنێویاندا کێشەی پێشمەرگە و کێشەی نەوت و غاز، وەڵام هاتەوە کە دەکرێت ڕێککەوتن بکەین، سەرەتا ووتیان لەباڵیۆزی ئەمەریکا ئەمە ڕادەگەیەنین ئێمە ووتمان پێشتر لەگەڵ نیگرۆپۆنتی ئەم کارەمان کردووە و سوودی نەبووە، ووتیان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ئێمە وتمان ئەوەش مەسەلەیەکی دیبلۆماسییە، ئەمڕۆ پشتگیری دەکەن و بۆ ڕۆژێکی دیکە ڕەنگە لێدوانێکی دیکە بدرێت، دواتر پێشنیارکرا لەکۆشکی سپی ئەم بەیاننامەیە دەربکرێت و سەرۆکی ئەمەریکاش هەمان شتی بەسەرۆکی هەرێم ڕاگەیاندبوو، سەرەڕای ئەوەش سەرۆکی هەرێم پەیوەندی بە ئێمەوەکرد و ووتی ئێوە بە دەسەڵاتەوە ڕویشتوون و هەر بڕیارێك دەدەن من پشتگیریتان دەکەم. ئێمە دواتر دانیشتمانکرد و ڕازیبوین کە ژمارەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان، هی سێ پارێزگاکە ٤٣ کورسی ئەسڵی بێت کە چەند کورسییەکی قەرەبووشی دەچووە سەر نزیکەی ٢ کورسی ئەمە دەبووە ٤٥ کورسی و مالیکیش بەڵێنی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دابوو کە دوو کورسی خۆیان بدرێتە هەرێمی کوردستان کە ئەمە دەبێتە ٤٧ کورسی، بەڵام دواتر کە دانیشتنی پەرلەمانی عێراقکرا، نادروستییەك دەرکەوت، ئەویش ئەوەبوو لە بری ٤٣ کورسییە ئەسڵییەکە ٤١ کورسی دانرابوو لەگەڵ دوو کورسی تەعویزی، برادەرانی خۆشمان دەنگیان بۆدابوو، ئێمە کاتێك لێمان پرسین، ئەوا ووتیان پێیان وابووە ڕێککەوتنەکە لەسەر ٤١ کورسی ئەسڵی بووە لەگەڵ دوو کورسی تەعەویزی، لەکاتێکدا ئێمە بە ٤٣ کورسی ئەسڵی - هەرچەندی تەعویزی بوو کێشەمان نەبوو- ڕێککەوتبووین، ئەمە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ئێمە جا ئایا ئەوان ناڕاستبوون یان فێڵێك بوو کرا ئەمە پرسیارە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بڵێین ئایا زوڵم و غەدر کراوە، من دەڵێم غەدر و ناهەقییەکی زۆر کراوە، لەبەر ئەوەی سەرلەبەری بەیاناتی وەزارەتی بازرگانی هەر هەمووی هەڵەیە، نزیکەی ٢ ملیون کەس زیادکراوە، بەڵام هەرێمی کوردستانی هیچ زیادی نەکردووە، بۆ نموونە ئەو کەسانەی لە شاری موسڵ ڕایانکردووە بۆ هەرێمی کوردستان هەر لە سەر تۆماری ئەو شارە ماون، ئەو غەیری عێراقیانەی لەشوێنەکانی دیکەن ناویان لەتۆماردا هەیە لەبەر ئەوەی خۆراك وەردەگرن. بەڵام من دەڵێم ئەگەر ئێمە ٥٠

کورسیشمان هەبێت، ئەوا ئەگەر بەراوردی بکەین بە ٣٢٥ کورسی پەرلەمانی عێراق، ئەوا ئێمە کەمینەین، تەنانەت ئەگەر ٦٠ و ٧٠ و بگرە ٨٠ کورسیش بهێنین، لەبەرئەوە دەبێت کار بە تەواوفق بکرێت لە عێراقدا. لەلایەکی دیکەوە ئێمە توانیمان لەبەرزترین دەسەڵاتەوە بەڵێن وەربگرین بۆ ئەوەی کاری جیددی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکرێت و ئەمەش تەمومژی لەسەر ئەو ماددەیە هەڵگرت، هەروەها وەک ڕێککەوتن کراوە دەبێت نوێنەری بان کی مون بێتە پەرلەمانی کوردستان و بە ئاشکرا گفتوگۆ لەبارەی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین ئەمە هەوڵێکە لەبەر ئەوەی ئەمەریکا خۆی نایات ئەم ماددەیە جێبەجێ بکات دەبێت خۆمان کاری بۆ بکەین. دواتر ئەو خەڵکانەی ئێمە کە لە بەغدان کەسی دڵسۆزن، بەڵام بە شێوەیەکی موئەسەساتی ئیشنەکراوەو لەم ڕووەوە کەم و کورتی زۆر گەورە هەیە، هەم لە ناو هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا، هەم لە ناو برایانی یەکگرتوو، هەم لە ناو حکومەت و پەرلەمانی خۆشمان لەکوردستان، لەبەر ئەوە دەبێت بە ئاستێک خۆمان ڕێکبخەینەوە کە وەک تیم و بە شێوەی دامەزراوە کاربکەین، ئەگەرنا ١٠ کورسی زیادیش بهێنین ئەوا ئێمە دۆڕاندوومانە، لەبەر ئەوە دەبێت خۆمان ڕێکبخەینەوە و چیتر نە شەرم بکەین و نە بترسین و بەرگری لە بەرژەوەندیە باڵاکانی هەرێمی کوردستان بکەین و ئەگەر بیانوەکان هەرچیەک بن سازش لەسەر مافی خۆمان نەکەین.

*** ئایا کەمترین ئاستی ئەو دەسەڵاتەی لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە ئێوە درابوو چەند بوو؟**

- ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە بەرژەوەندی بەرزی هەرێمی کوردستانتان لەبەرچاوبێت و یەکهەڵوێستی خۆتان تێکمەدەن و لە سنورێکی دیاریکراودا کە خۆتان دیاری دەکەن نەرمی بنوێنن، ئێمە بە ووردیەکی بەرزەوە و وەک تیمێک چووین بۆ بەغدا و بە ووردی بەرزیشەوە گەڕاینەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێ جار ڕاگەیاندنەکان شتەکان دەگۆڕن، من مەبەستم لە تێکڕای کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە، وەک کەی تی ڤی و زاگرۆس و گەلی کوردستان و کوردسات و کەی ئێن ئێن و پەیام و سپێدە، کە بە ئارەزووی خۆیان بەشێک لەملا دەبڕن و بەشێک لەولا دەبڕن و بە ئاوازی خۆیان موسیقاکە لێدەدەن و بە داخەوە شتەکان دەشێوێنن کە من تەمەمنام دەکرد وانەبووایە، بەڵام بە داخەوە وایە، هیوادارم ئێوە وەک خۆی قسەکان بگوازنەوە، چونکە دەبێت ڕاگەیاندن قسە و لێدوانەکانە وەک خۆی بڵاوبکاتەوە، نەک ئەوەی بە دڵی نەبێت لایببات، ئەمە دەبێتە شێواندن، واتە خۆی بیگوازێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و دۆستەکانمان شیکردنەوەیەکی جوان بۆ واقیعەکە بکەن، چونکە ئێمە وەک یەک تیم چوین بۆ بەغدا و وەک یەک تیم گەڕاینەوەو لەوێش پشتگیریمان لەیەککرد و من سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە لە دانیشتنەکان بەشداربوون، چ ئەندامانی هاوپەیمانی کوردستانی و چ برایانی یەکگرتوو و چ ئەندامانی شاندی پەرلەمانی کوردستان.

*** ڕای ئێوە چی بوو لەسەر پەیامەکەی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەم مەسەلەیە؟**

- ئێمە پێشتریش ئاگاداربووین کە ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی چۆن بیردەکاتەوە، ئەو دڵی لەگەڵ کوردستانە و ئەو زانیاری هەبووە لەسەر ئەو ناهەقی و ساختەکارییانە کراون و ئێستاش کە کورسییەکانی پەرلەمان بەو شێوەیە دانراون هەست دەکات کە غەدرێکی زۆری تێداکراوە، بۆ نموونە ئەو هەموو هاوڵاتیانەی عێراق کە هاتونەتە کوردستان ناوی لەشوێنی خۆیان ماوە، هەروەها ٣٠٠،٠٠٠ کەسی غەیری عێراقی ناویان لەتۆماردا هەیە، بە هەمان شێوە شارێکی وەک ئاکرێ کەسەر بە هەرێمی کوردستان، هەروەها مەخمور و کەڵەک لەسەر موسڵ حسابکراون، لەبەر ئەوە نارەحەتییەکی پێوەدیاربوو چونکە غەدرێک لە کوردستان دەکرێت، بەڵام بەڵێنێک دراوە کە بە زووترین کات سەرژمێری بکرێت، کە ڕەنگە ئەمەش لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێتەهۆی ڕاستکردنەوەی ئەو ناعەدالەتییەی کراوە.

*** ئایا ئێوە ئاگاداری ئەو بڕیارەی کۆنگرێسی ئەمەریکان کە داوا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکات کونسولگەری خۆی لەهەرێمی کوردستان بکاتەوە؟**

- ئێمە کاتێک لەبەغدا بووین باڵیۆزی ئەمەریکا پێی ڕاگەیاندین کە ئێمە ئامادەی هەموو پشتگیرییەکی هەرێمی کوردستانین، لەبەر ئەوەی بە ڕاستی هەرێمێکی دیموکراسییە و خوازیاری چەسپاندنی دیموکراتییە.

*** پەیامی تۆ چییە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

- من ڕێز و سوپاسم هەیە بۆ خەڵکی کوردستان کە زۆر هانیان داین لەوەدا کە نەهێڵین غەدر لە بچوکترین مافی ئێمە بکرێت، چونکە ئێمە پێشتر زوڵمان لێکراوە و جینوسایدکراوین، و ئێستاش خەڵکێک بیەوێت زوڵم بکات ئەوا زۆر ناخۆشە. من دەمەوێت ئەوە بە خەڵکی کوردستان بڵێم کە ئێمە لە بەغدا بە بەرپرسانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و بەریتانیامان ڕاگەیاند کە پێشتر بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی لەهەرێمەکەماندا داوای یارمەتیمان لەئەمەریکا و ئەوروپا دەکرد، بەڵام ئەگەر ئێستا ئێوە پشتگیری لەنادەستوری و ناهەقی بکەن، ئێمە ڕووبەکەینە چ وڵاتێکی دیکە، هەروەها پێمان ڕاگەیاندن ئێوە بە خۆتان دەڵێن دیموکراسی، چۆن ڕازی دەبن شارێک ڕێژەکەی لە ساڵێکدا لە سەدا ١٥،٥٨ بێت و شارێکی وەک سلێمانی لە سەدا سفر، کە ڕێژەی یەکەم بۆ چوار ساڵی دەکاتە لە سەدا ٦٣ ئەمە لە کاتێکدا سلێمانی لە سەدا سفرە و ٢٠٠،٠٠٠ کەسیش کەمی کردووە. مەسەلەکە ئەوەنییە ئەندامانی شاندەکەی ئێمە کەموکوڕییان هەبوو و لە تێکڕای گفتوگۆکان دەتوانم بڵێم سەرکەوتنێکمان بەدەستهێناوە، ڕاستە لەدوا ساتدا ناڕاستییەک کرا، بەڵێندرا و شتێکی دیکە جێبەجێکرا، بەڵام دەبێت ئێمە سەرەڕای بیروباوەڕی جیاوازمان لەمەسەلە نیشتمانی و نەتەوەیی و ستراتیجیەکانماندا یەکهەڵوێست بین هەروەک ئەمجارە لەبەغدا ئێمە یەکهەڵوێستیمان پیشاندا، کە پەنا بە خوا بەمشێوەیە سەرکەوتن بەدەستدەهێنین.

**سەرلەبەری بەیاناتی وەزارەتی بازرگانی هەر هەمووی هەڵەیە، نزیکەی ٢ ملیون کەس زیادکراوە، بەڵام هەرێمی کوردستانی هیچ زیادی نەکردووە**


**ئەگەر ئێمە ٥٠ کورسیشمان هەبێت، ئەوا ئەگەر بەراوردی بکەین بە ٣٢٥ کورسی پەرلەمانی عێراق، ئەوا ئێمە کەمینەین**

**ئەو خەڵکانەی ئێمە کە لە بەغدان کەسی دڵسۆزن، بەڵام بە شێوەیەکی موئەسەساتی ئیشنەکراوەو لەم ڕووەوە کەم و کورتی زۆر گەورە هەیە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە بەرژەوەندی بەرزی هەرێمی کوردستانتان لەبەرچاوبێت و یەکهەڵوێستی خۆتان تێکمەدەن و لە سنورێکی دیاریکراودا کە خۆتان دیاری دەکەن نەرمی بنوێنن**

پرۆفیسۆر سەعدی بەرزنجی پەرلەمانتاری عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر هەڵوێستەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبوایە، ئەوەی ئێستاش بۆ خەڵکی کوردستان بەدەستهاتوون، بەدەست نەدەهێنران



**پرۆفیسۆر سەعدی بەرزنجی ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق و تایبەتمەند و پسپۆر لەیاسا و دەستوور سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی و پشکی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەو ڕێژەیە بەمجۆرە لە لێدوانێکی تایبەتدا ڕوونکردنەوەی بە گوڵاندا.**

*** ژمارەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان لە یاسای هەڵبژاردندا کێشەیەکی گەورەی دروستکرد، ئایا ئەمە چۆن ڕوویداوەو ئایا ئێوە پێی ڕازین؟**

- لە ڕاستیدا ژمارەی کورسییەکان لە سەدا سەد جێی ڕەزامەندی ئێمە نین، بەڵام باشترە بە بەراورد بەو ڕێژەیەی پێشتر کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی دایانابوو، هەروەها ئەگەر یاساکە ڤیتۆبکرایەتەوە ئەوا ژمارەی کورسییەکانی ئێمە دیسان کەمی دەکردەوە، لەبەر ئەوە ئێستا ژمارەی کورسییەکانی هەرێم ٤١ کورسییە و دوو کورسی دیکەشی دێتەسەر و دەبێتە ٤٣ کورسی، ئەگەر بە چڕی بەشداری لە پارێزگاکانی دیکەدا بکەین ئەوا ژمارەی کورسییەکانمان دەگەنە ٦٥ بۆ ٦٦ کورسی، ئەمەش دەگاتە ڕێژەی لەسەدا بیستی کورسییەکان و ئەمەش خراپ نییە.

*** بەڵام ئەو ئامارەی لە هەرێمی کوردستانەوە نێردراوە بۆ بەغدا جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ ئەو ڕێژەی کورسییەی دانراوە، ئایا ناڕازی ئێوە لە چیدایە؟**

- جۆری دابەشکردنی کورسییەکان بەم شێوە کرابوو، ٢٣٠ کورسی بۆ پارێزگاکان ٤٥ کورسی تەعویزی و لەوەشدا ئێمە لیستی هاوپەیمانی ٥٨ کورسیمان دەبێت کە دەگاتە نزیکەی لە سەدا ٢١ ی ڕێژەی تێکڕای کورسییەکانی پەرلەمان، بەڵام ئەگەر ئێستا ئەو دابەشبونە بکرێت، ئەوا ڕەنگە ڕێژەکە بۆ لەسەدا بیست دابەزێت، ئەو برادەرانەی ئێمە کە هاتبوون حسابات و لێکدانەوەیان لەسەر بنەمایەکی دیکە بوو و ڕایانگەیاند ئەگەر لە ٤٨ کورسی زیاتر وەربگرین، ئەوا سەنگی ئێمە دادەبەزێ، بەڵام ئەو حسابە هەندێ سەهوی تێدابوو، ئێمە پێداچونەوەی خۆمانکرد، چونکە ئێوە دەزانن ئەمە دانوستاندن و پرۆسەیەکی سیاسییە و دەبێت حساب بۆ هەردوولا بکرێت، ئێمە گەیشتینە سەقفەیەك کە پێم وایە خراپ نییە، چونکە ڕاستە هەموو داواکارییەکانمان نەهاتۆتەدی، بەڵام ئێمە سەرکەوتنیشمان هەیە، ئێمە لە ٣٩ کورسی بووین بە ٤٣ کورسی و ئەگەر هەوڵێکی باشبدەین، ئەوا لەو ٣ کورسییەی بۆ مەسیحییەکان دانراوە ڕەنگە دوو کورسی بهێنین و ئەگەر کۆششی باش بکەین ئەوا لە ١٢ کورسییەکەی کەرکوك ٧ کورسی بهێنین ئەوا ژمارەی کورسییەکان دەگاتە ٥٢ کورسی، ئەگەر لە ٣١ کورسییەکەی موسڵیش یەك لەسەر سێش بهێنین، ئەگەر ٩ کورسیش بهێنین، ئەوا دەگاتە ٦١ کورسی، لە دیالەش دوو کورسی بەدەست دەهێنین، ئەمە دەبێتە ٦٣ کورسی لە سەلاحەددینیش کورسییەك، ئەوا دەبێتە ٦٤ و لە کورسی تەعویزیش کورسییەك هەر وەردەگرین، ئەگەر نەبێتە دوو کورسی، ئەوا دەگاتە ٦٥ بۆ ٦٦ کورسی، واتە بە پێی بۆچوونی ئێمە لە ٦٥ کورسی کەمتر ناهێنین،بە مەرجێك خەڵك بە چڕی بەشداری بکەن.

*** چۆن هاتنی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لێکدەدەیتەوە کە دەسەڵاتی ڕێککەوتنیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پێدرابوو هەڵدەسەنگێنێت؟**

- ئێمە بە هاوکاری یەکتر و بە ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکدا کارمان کرد و دەتوانم بڵێم تەقریبەن بە کۆدەنگی هەڵوێستمان وەردەگرت، لەبەر ئەوە هاتنی ئەوا پاڵپشتییەکی گەورە بوو بۆ ئێمە.

*** ئەمجارە ئەمەریکا ڕاستەوخۆ هاتە سەر خەت، وەك پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و دواتر سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆچی ئەمەریکا بەمشێوەیە هاتەپێشەوە؟**

- بەرژەوەندی ئەمەریکا لەوەدایە هەڵبژاردنەکان زۆر دوانەکەوێت، بە دڵنیاییەوە دەبێت ئێمەش بەرژەوەندی ئەمەریکا لەبەرچاوبگرین، چونکە دەوڵەتێکی زلهێزە و بێ پشتیوانی ئەو ڕژێمی پێشو نەدەڕوخا و ڕەنگە کوردیش نەیتوانیایە ئەم دەستکەوتانە بەدەست بهێنێت، دواتر کۆشکی سپی بەیانێکی دەرکرد و پشتگیری خۆی بۆ جێبەجێکردنی دەستور دەربڕی بە ماددەی ١٤٠وە، هەروەها پشتگیری خۆی بۆ مافەکانی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی ڕاپرسی دەربڕی، ئەمەش یەکەمجار ئەمەریکا لەو ئاستەدا ئەم ئیلیتیزامە بخاتە ئەستۆی خۆی، بۆ نموونە دەڵێت پشتگیریەکی درێژخایەن لە حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، هەوڵئەدات ڕۆڵێك ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، ئەمەش بەڵێندانێکی باشە. هەروەها ئەگەر لە ساڵی داهاتوشدا سەرژمێری بکرێت، ئەوا دەبێتە بنەمایەك بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، چونکە ئەوەی ئێستا دەوترێت لە بارەی ژمارەی دانیشتوانی عێراقەوە لەسەر بناغەیەکی دروست و پتەو نییە و هەموی خەمڵاندنە، ئەگەر ئەم سەرژمێرییە بکرێت، ئەوا سەنگی کورد و عەرەب و مەسیحی و تروکمانەکان دەردەکەوێت و ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٩شدا بکرایە، ئەوا ئەم کێشانە دروست نەبوو هەربۆیە ئێمە شکاتمانکرد لە دادگای فیدراڵ و ئەمەمان بە یاساشکێنی ناوبرد، ئێمە ترسمان هەبوو ساڵی داهاتوش نەکرێت، بەڵام ئێستا ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو ئیلیتیزامەیان خستۆتەسەر شانی خۆیان کە پشتگیری لە ئەنجامدانی بکەن.

*** هەموو جارێك کە ئەم کێشانە دروست دەبێت ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بە میزاجی خۆیان هەوڵ بڵاودەکەنەوە و دەڵێن نوێنەرانی کوردەکان لە ژێر گوشاردا سازشیان کردووە، ئێوە ڕاوبۆچونتان چییە لەم ڕووەوە؟**

ئێمە لە ژێر هیچ گوشارێکدا سازشمان نەکردووە و هیچ گوشارێکیش سازشمان پێناکات. ئێمە بەرگرییەکی تەواومان لە مافەکانی خەڵکی کوردستان کردووە، بەڵام ئێمە بە تەنها لە گۆڕەپانەکەدا نین و لایەنی دیکەش هەیە و هیچ لایەکیش لە سەداسەد ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی بهێنێتەدی. ئەوەی دەوترێت ڕەنگە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بێت، یاخود هەندێ ڕۆژنامە تەنها بۆ ناوزڕاندن ئەم کارە دەکەن و هیچ شتێکی باش نابینن و لە هەرشتێکی باش هەوڵدەدەن لایەنێك بدۆزنەوە و بە خراپ بیخەنەڕوو، من پێیان دەڵێم پێداچونەوە بخۆتاندا بکەنەوە، چونکە هەڵەن، هەروەها من هیوادارام خەڵکی کوردستان واقیعەکە و هەقیقەتەکە چۆن ئاوا تەماشای بکەن و بەم پڕپاگەندانە هەڵنەخەڵەتێن.

*** ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەسەر پەیامەی سەرۆك بارزانی لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەقا و دەق پەیامەکەی ڕاست و دروستە، من پێمان وایە هەمو لایەك ئەو ڕاستییە دەزانن کە جەنابی سەرۆك بارزانی هەرگیز سازشی لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان نەکردووە و سازشیش ناکات، لەبەر ئەوەی پێم وایە ئەوانەی موزایەدە دەکەن، کەس موزایەدەکەیان لێ قبوڵناکات. ئەگەر هەڵوێستە ڕێك و پێك و توندەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم نەبوایە، ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئەو بەرگری و داکۆکییە توندانەی سەرۆك بارزانی نەبونایە، ئەوا ڕەنگە ئەوانەی ئێستاش بۆ خەڵکی کوردستان بەدەستهاتوون، بەدەستنەهێنرایە.

**ئەگەر بە چڕی بەشداری لە پارێزگاکانی دیکەدا بکەین ئەوا ژمارەی کورسییەکانمان دەگەنە ٦٥ بۆ ٦٦ کورسی، ئەمەش دەگاتە ڕێژەی لەسەدا بیستی کورسییەکان و ئەمەش خراپ نییە**

**ئێمە لە ژێر هیچ گوشارێکدا سازشمان نەکردووە و هیچ گوشارێکیش سازشمان پێناکات بەرگرییەکی تەواومان لە مافەکانی خەڵکی کوردستان کردووە**

داڤید فلیپس بۆ گوڵان:

# گۆڕانکارییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باش لە نێوان حکومەتی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستاندا هەیە



**پرۆفیسـۆر داڤید فلیپس کە یەکێکە لە گەورە راوێژکارانی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، نووسەری دیراسەتی دابەشکردنی دەسەڵاتە لە عێراقدا، یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لە عێراق بە تایبەتی. سەبارەت بە گۆڕانکارییانەی پاش تەلەفونەکەی سەرۆك ئۆباما لەگەڵ سەرۆك بارزانی هاتنە ئاراوە پرۆفیسۆر فلیپس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** دوای پەسـەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە ئیدارەی سـەرۆك ئۆباما سەرەڕای پیرۆزبایی کردن لەم هەنگاوە، ئـەوا لـە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیـدا لەگەڵ سـەرۆك بارزانی جەختی لەسـەر پەیوەندییە درێژخایەنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان کردەوە، کە ئەمە یەکەمجارە لەسەر ئاسـتێکی ڕەسمی ئەمەریکا بەمشێوەیە هەڵوێسـتی خۆی دەردەبڕێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە زەمانەتێکە بۆ سـەلامەتی کوردەکان لە عێراقدا؟**

- ئەو ڕاسـتییەی کە سەرۆك ئۆباما پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا کردووە و ئەوە بەدی دەکەین ئاماژەیە بە بوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتـی هەرێمی کوردسـتاندا،ئەمەش مانای ئەوەیە هەمیشـە ئەمەریکا لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردسـتاندا دەکات بۆ پاراسـتنی ئەو ئاشتی و گەشەکردنەی لەو هەرێمـەدا هاتۆتەدی، لە هەمان کاتدا لە پێناو بەرەوپێشبردنی بەشەکانی دیکەی عێراقیشدا.

*** تا چ ڕادەیەك کوردەکان دەتوانن پشـت بە هاوکاری و پاڵپشتی ئەمەریکا ببەستن؟**

- پلانـی ئەمەریکا بۆ دووبـارە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی بـەو مانایە دێت کـە کاریگەری و دەستڕۆیشـتوی ئەمەریکا لـە عێراقدا بەرەو داکشان و پاشەکشـە دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا دۆسـتایەتی و هـاوکاری نێـوان ئەمەریکا و کوردەکانی عێراق بـە بەهێزی دەمێنێتەوە. من پێم وایە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردسـتان کار لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا بـکات بۆ چارەسەرکردن و ڕامالێینی ئەو هۆکارانەی دەبنە سەرچاوەی ناکۆکی لە نێوانیاندا.

*** گـرژی و ئاڵـۆزی لـە نێـوان پێکهاتە سـەرەکییەکانی عێراقـدا بوونـی هەیە، بۆ نمونـە ناکۆکی و بارگرژی لـە نێوان کورد و عەرەبەکاندا هەیە لە سەر کێشە چارەسەرنەکراو و هەڵپەسێردراوەکان، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا لە حاڵەتی هەڵکشـانی ئەم گرژی و ناکۆکیانەدا، تـا چ ڕادەیـەك ئەمەریکا بەشـدار دەبێت لـە هێورکردنەوەیاندا و تـا چ ڕادەیەك هانی لایەنە جیـاوازەکان دەدات بۆ زاڵبوون بەسـەر جیاوازییەکانیاندا؟**

- ئەمەریکا هەوڵدەدات ئاسـانکاری بکات بۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشـە و پرسانەی جێی ناکۆکین لە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمـی کوردسـتاندا، من پێـم وایە ئەگەر کـوردەکان ڕۆڵێکی بنیاتنەرانـە ببینن لەگەڵ حکومەتـی بەغدا ئـەوا دەتوان پشـتیوانی و ڕێنمایی ئەمەریکیەکان بەدەست بهێنن.

*** لە وەڵامی پرسـیارێکی ڕۆژنامەنوسـاندا سـەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بە ڕۆڵی چالاك و ئیجابی کوردەکان کرد لە پرۆسـەی سیاسی عێراقدا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە سەرۆك ئۆباما درك بەوە دەکات کوردەکان بە تەواوەتی پابەندی دەسـتورن، ئایا تا ڕادەیـەك ئەمە زەمینە بۆ جێبەجێکردنی دەستوری عێراق خۆشدەکات و تا چ ئاسـتێك ئەمەریکا بایەخ بە جێبەجێکردنی ئەم دەسـتورە دەدات پێش ئەوەی بە تەواوەتی لە عێراقدا بکشێتەوە؟**

- جێی سەرسوڕمان نییە سەرۆك ئۆباما پەیامی پشـتیوانی خۆی بۆ کـوردەکان ڕابگەیەنێت، لەبەر ئـەوەی هەمیشـە کوردەکان باشـترین دۆسـتی ئەمەریکا بوونە لە عێراقدا. لە هەمان کاتـدا گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان هەوڵبـدات ئەو کێشـە و پرسـە درێژخایەنانە لەگـەڵ حکومەتی بەغـدا یەکلابکاتەوە پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە، چونکە وردە وردە دەستڕۆیشـتوی ئەمەریکا لەو وڵاتە کەمدەبێتـەوە. هەروەها من پێم وایە پێـش هەڵبژاردنەکان کارتێکـی لەبارە کار بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسابکرێت لە عێراقدا کە خۆی لە دەسـتوری وڵاتەکەدا بەرجەستەکردووە بە تایبەتی ماددەی ١٤٠ کە چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکوك لـە خۆدەگرێـت، هەروەها کێشـەکانی دیکەی وەك یاسای نەوت و گاز و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت.

*** سـەرۆك ئۆباما باسـی لەوەکرد کوردەکان چارەسـەرکردنی کێشـەکان بەڕێگای سیاسی و دیبلۆماسـی بـە باشـتر دەزانـن نەك بە ڕێگاچـارەی سـەربازی، هەروەها باسـی لە گرنگی چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکوك و جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ کـرد، ئایا تا ئاسـتێك ئەمەریکا ڕاسـتەوخۆ بەشدار دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەو پشـتگیی لە خەڵکی کوردستان دەکات؟**

- ئەوەی لە عێراقدا ئیجابییە ئەوەیە عێراقیان توانیان لە ڕێی گفتوگۆی سیاسـیەوە جیاوازیەکانیان چارەسـەربکەن و چیتر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن. ئەمەریکا خوازیـارە عێراقیەکان گفتوگـۆ لە بارەی ئەو کێشانەوە بکەن کە دەبنەهۆی دابەشبوونیان، وەك کێشەی کەرکوك. ئیدارەی ئۆباما پشتگیری لە هەر هەوڵێك دەکات ببێتەهۆی چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکوك بە شـێوەیەکی ئاشتیانە، بە چەشنێك ببێتەهۆی ڕازیکردنی داواکاری لایەنە جیاوازەکان.

*** یەکێـك لـەو خاڵانەی جێی سـەرنجن لە سەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئەمەریکا، هاندانی سـەرۆکی ئەمەریکا بوو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باشـی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتاندا هەبێت، ئەمەشی بە هەنگاوێکی ئیجابـی لەقەڵەمـدا بۆ تێکـڕای ناوچەکە، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- بەرژەوەنـدی هاوبـەش لە نێـوان ئەمەریکا و تورکیـا و هەرێمـی کوردسـتاندا هەیـە. پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و هەرێمی کوردسـتان بەرەوپێشـچونی بەخۆوە بینـی، کە خۆی لە گەیشـتن بە ڕێککەوتنێکدا بەرجەسـتەکرد بۆ کردنەوەی کونسـوڵگەری تورکیا لـە هەولێر و کردنەوەی سـنورەکان بـۆ بازرگانی. ڕەنگە لـە داهاتـودا جیاوازی لـە نێـوان هەولێر و ئەنقەرەدا سـەرهەڵبدات، بـەڵام دەکرێت ئەمە لە ڕێی گفتوگۆوە بە شـێوەیەکی بنیاتنەرانە چارەسەربکرێت. ئەمەش زۆر جیاوازە بە بەراودر بەو بارودۆخەی چەند سـاڵێك پێش ئێسـتا لە ئارادابو.

*** ئایـا ڕۆڵـی سـەرکردە کـوردەکان چۆن هەڵدەسەنگێنێت لەم ڕووەوە؟**

- سەرکردە کوردەکان ڕۆڵێکی ئیجابیان بینیوە و ڕەفتارەکانیان نیشانەی پێگەیشتنی سیاسیانە و ئەمەش جێی ستایشـە، هەروەها ئەوان ئیرادەی پێکەوەکارکردنیـان هەیە و من زۆر خۆشـحاڵم بە بوونی ئەو جۆرە سـەرکردانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من پێم وایە بە هاندانی گروپە توندوتیژخوازەکان بۆ چەکداماڵین و بە هەنگاونانی زیاتری تورکیا بۆ فراوانکردنی مافە سیاسی و کەلتورییەکانی کوردەکانی تورکیا ئـەوا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەرێمی کوردسـتان بەرەوپێشر دەچن. کوردەکان دەتوانن ڕۆڵێکی هەسـتیار ببینن لە عێراقدا، دەتوانن ڕۆڵی هاوسەنگکردن لە بەغدا ببینـن. هەروەها لەبەر ئـەوەی پەیوەندییەکی باش لـە نێوان ئەمەریـکا و کوردەکاندا هەیە، ئـەوا ئەمەریـکا دەتوانێت لە ڕێـی کارکردن لەگەڵ کوردەکان کاریگەری زیاتری هەبێت لە عێراقدا.

**دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەگەڵ حکومەتی بەغدا بکات بۆ چارەسەرکردن و ڕامالێینی ئەو هۆکارانەی دەبنە سەرچاوەی ناکۆکی لە نێوانیاندا**

**پێش هەڵبژاردنەکان کارتێکی لەبارە کار بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسابکرێت لە عێراقدا کە خۆی لە دەستوری وڵاتەکەدا بەرجەستەکردووە بە تایبەتی ماددەی ١٤٠ کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لە خۆدەگرێت**

# فایلی ئاسایشی عیراق بەستراوەتەوە بە فایلی سیاسی



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

هەفتەی رابردوو سەر لە نوێ شەپۆلێکی دیکەی توندوتیژی و تیرۆرو خوێن شەقامەکانی بەغدای گرتەوە. ئەم شەپۆلە خوێناوییە بەرفراوانە کە لە پێنج تەقینەوەی گەورەدا خۆی نواند، یەکەم کردەوەو تاوانی لەو بابەتە نییە، بەڵکو لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا، دوو شەپۆلی گەورەی دیکەیش چەندین وەزارەتی گرتبووەوەو هەر یەکەی سەدان قوربانیان لێکەوتبووەوەو سەدان هاووڵاتیی بێ تاوان لەو هێرشانەدا کوژرا بوون و بریندار بوو بوون. زیانێکی گەورەی ماددیش بەر خەڵکی و بەر چەندین وەزارەت و دامودەزگای حکومی کەوتبوو.

دیارە، زۆرتر لەوانەی پێشوو، تەقینەوەکانی ئەم دواییە پشێوییەکی سیاسیی گەورەشیان بە دوای خۆیانەوە هێنا. لە هێرشەکانی پێشتر، حکومەتی بەغدا زۆر بە پەلە سووریای تۆمەتبار کرد، یان وردتر ئەو پاشماوانەی بەعسی تۆمەتبار کرد کە لە دیمەشق نیشتەجێن. بگرە، لە تۆمەتبارکردنەکەیش زیاتر، داوای دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی کرد بۆ فشار خستنە سەر دیمەشق تا دەست لە کاروباری ئەمنی عێراق وەرنەدات و ئەو پاشماوانەی بەعس کە لە سەر خاکی ئەوێ جێگیرن دەربکات. لە تەقینەوەکەی ئەمجارەدا، بەغدا نەك تەنیا سووریە، بگرە سەعوودیشی تۆمەتبار کرد. لە ناوخۆشیدا هەلومەرجی سیاسی و پەیوەندی هێزە سیاسییەکان، گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆری تێکەوت و هەر لایەی کەوتە تۆمەتبار کردنی دوژمنەکانی خۆی.

لەولاوە، پەرلەمانی عێراقیش کەوتە جوڵە وکاردانەوە، لە رۆژی تەقینەوەکەدا تازە پەرلەمان لە تەنگژەی یاسای هەڵبژاردن دەرچوو بوو. بۆیە هەر بە پەلە ئەویش کەوتە ناڕەزایی دەربڕین و بانگهێشت کردنی بەرپرسانی حکومی و داوا کردنی گۆڕینی سەرانی فایلی ئەمنی و سەربازی و پۆلیس لە بەغدا. سەرۆك وەزیران لە پێشەوەی ئەو بەرپرسانە بوو کە زۆر زوو ئامادەی بەردەم پەرلەمان بوو. لەولاترەوە سەرباری ئامار کردنی زەرەروو زیانە ماددی و مەعنەوییەکان، حکومەت کەوتە لێکۆڵینەوەش لە هۆکارەکانی تازە بوونەوەی تیرۆرو دەست پێ کردنەوەی هێرشی چەند لایەنە لە دژی دامودەزگاکان. وەك نەریتێکی تازەش دەستی کرد بە گۆڕینی کۆمەڵێك بەرپرسی گەورەی ئەمن و ئاسایش لە بەغدا. سەرۆك وەزیران لە جیاتی پەنجە خستنە سەر هۆکارە راستەقینەکان، لە دانیشتنی پەرلەماندا ئۆباڵی تەقینەوەکانی گەڕاندەوە بۆ پەیوەندییە خراپ و پڕ ئاڵۆزەکەی نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراق.

لێرەدا، پرسیاری گەورەو گرنگ ئەوەیە: ئایا هەر تەنیا بە شێوازە ئیجرائاتی توندوتیژ کێشەکانی فایلی ئەمنی لە عیراقدا چارەسەر دەکرێن؟ یان مەسەلەکە پێویستیی بە هەنگاوو بڕیارو شێوازی دیکەش هەیە، بە تایبەتی لە مەیدانی چاکسازیی سیاسیدا؟ ئایا، ئەمن و ئاسایش لە وڵاتاندا، بە تایبەتی لە هەلومەرجی عێراق، پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە سەقامگیریی سیاسییەوە نییە؟ ئایا هێرشەکانی ئەم دواییەی بەغدا دەری ناخەن کە نەك تەنیا سەروو سامانی هاووڵاتیان لە بەردەم مەترسی بارودۆخی خراپی ئەمنی دایە، بەڵکو چارەنووسی تەواوی پرۆسەی سیاسی و حکومەت و پەرلەمان و بگرە دەوڵەتی عیراقیش بەستراوەتەوە بەو فایلەوە؟

بە هەر حاڵ، پێویستە حکومەتی فیدرالی لە بەغدا، لەو راستیە تێبگات کە بەردەوام بوونی تیرۆرو نائەمنیەت لە پایتەختی فیدرالی و لە ناوچەکانی دیکەدا، رەنگە لە کۆتاییدا نەك تەنیا شکست بە ژیانی هاووڵاتیان بێنن، بەڵکو رەنگە چارەنووسی دەوڵەتی عیراقیش بخاتە بەر ئەگەری هەڵوەشانەوە. زۆر لە گوینە، بە شێوەیەکی خراپ نەك تەنیا کار لە ناوەخۆی عیراق بکات بەڵکو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپاش بخاتە بەر لێپرسینەوەو کشانەوە. هەروەها راستەوخۆ کار بکاتە سەر ناسەقامگیریی ئەمنی لە تەواوی ناوچەکەدا. بۆیە، هەق نییە بەرپرسانی عیراقی تەنیا سەیری فایلی ئەمنی بکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بەڵکو زۆر لەوە گرنگتر، پێویستە زۆر بە دیققەت و وردو پڕ مەسئولیەت سەیری فایلی سیاسیش بکەن. چارەسەری راستەقینەو کاریگەر لێرەدایە.

بەڵام، ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە کە حکومەت و پەرلەمانی عێراقی، بە پێچەوانەوە هەڵسەنگاندن دەکەن و وای

گوڵان
ژمارە (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤

لێك دەدەنەوە كە ئەوەی ئەمڕۆ لە بەغدا لــە تەنگژە دایە تەنیــا فایلی ئەمن و ئاسایشـــە. پێیان وایە، ئەگەر پارەیەكی باشــیان بۆ بودجەی ئەو فایلە تەرخان كردو خەڵكی شایەســـتەو لێوەشاوەیان لە پۆستە ئەمنییەكان داناو خاڵی پشكنین و دیواری چیمەنتۆیان لە شەقامەكانی بەغــدا زۆر كــرد، ئەوا ئیتــر ئەمن و ئاســایش دابین دەكرێت و مەترسییەكان دەڕەونــەوەو هاووڵاتیان بــە هێمنی و ئاسوودەییە ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر دەبەن.

بــەڵام، پاش ئەم شــەپۆلەی دوایی تیرۆر لــە بەغــدا، ئیتر كاتــی ئەوە هاتووە حكومەتی فیدرالی راستییەكی گرنگ و حاشــاهەڵنەگر لە بەر چاوی خــۆی بگرێت. ئەو راســتییەش، وەك مەعلوومە، ئەوەیــە كە فایلی ئەمن و ئاســایش بە دابڕان لە فایلی سیاســی چارەســەر ناكرێت. چاكترین شــێوازی گەڕاندنەوەی ئاسایشیش بۆ بەغداو بۆ هەموو ناوچەكانی دیكەی عیراق تەنیا لەوەدا خــۆی دەنوێنێت كە حكومەت و پەرلەمــان خۆیان بخەنە ناو پرۆســەی چاكسازییەكی بنەڕەتییەوە بە تایبەتیش لە بواری پرۆسەی سیاسیدا. لە عیراقدا ئاســایش لە تەنگژەو گیروگرفت نییە. بەڵكو لە بنەڕەتدا، فایلی سیاســی لە تەنگژەیەكــی راســتەقینە دایە، بۆیە هەرچییەك لە بــواری ئەمنی دەكرێت بێ ئەنجام دەردەچێــت و ئەوەندە نابات شــەپۆلی تیرۆرو خوێن ســەر لە نوێ دەگەڕێتەوە شەقامەكانی بەغدا.

پێــش ماوەیەكی زۆر كــەم، ئەگەر رۆڵــە گەرموگوڕەكــەی ئەمەریــكا نەبووایە لە بواری گەیشــتنە تەوافوق لە یاســای هەڵبژاردندا، ئینجا ئەگەر حیكمەتی جەنابی سەرۆكی كوردستان و كارو كۆششی برادەرانی هاوپەیمانێتی كوردســتانی نەبووایە، ئەوا هیچ دوور نەبوو نەك تەنیا پرۆســەی هەڵبژاردنی داهاتــوو، بگــرە تەواوی پرۆســەی سیاســیش لە عیراقدا تووشی دارمان و هەڵوەشانەوە تەفروتونا بوون بهاتایە. لە راستی دا دەمێكە بە حكومەت و سەرۆك وەزیران نوری ئەلمالیكی دەگوترێت كە پرۆسەی سیاسی لە عیراق دا چەقیوەو دەیان كێشەی قورس پێشی لێ گرتووە. بەڵام تا ئێستا لە جیاتی دەستپێشخەری و خۆ خەریك كردن بە چاكسازی لە بواری پرۆسەی سیاسیدا، سەرۆك وەزیران دێ خۆی بە تویكڵی پرۆســەكەوە خەریك دەكات.

لــە عیراقــدا، كۆمەڵێك كێشــەی سیاسی و یاسایی گرنگ پێویستیان بە چارەســەری بنەڕەتییە. هەر بۆ نموونە ئاشــتەوایی نیشتمانی لە نێوان پێكهاتە جیاوازەكاندا پێویســتی بە چارەســەرە. مەســەلەی ئەنجومەنەكانــی رابوون و گونجاندنیان لە گەڵ پرۆسەی سیاسی پێویســتیی بە چارەســەرە. ئینجا نەك هەر فایلی سیاســی، بەڵكــو فایلی ئابــووری و خزمەتگوزاریش لە عێراق، بە تایبەتی لە بەغــداو لە ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمــی كوردســـتاندا، بــە حاڵ و بارێكی ئێجــگار ئاڵۆزو خراپدا تێدەپەڕن و پێویســتیان بە چاكسازییە. ئازارو مەینەتی و كێشەكانی ئەو فایلە تا ئێستا بە سەر شــانی هاووڵاتیانەوە چ بڕ لە ئــازارو مەینەتییەكانی باری ئەمنی كەمتر نییــە. لەوە بەولاتر، رق و كینــەی مەزهەبــی و نەتەوەیی تا دێــت لە ناو عێراقــدا فراوانتر دەبێت و دەیان كێشــەی قورس لەو بارەیەوە ملی پێكهاتە جیاوازەكانی عێراقی گرتۆتەوە. راستە، توندوتیژیی مەزهەبی تا رادەیەك كشاوەتەوە. بەڵام كەشوهەوای سیاسی تا ئێستاش ئەوەندە پڕ قەیران و رق و كینەو بوغزە، كــە ئیتر بچووكتریــن رووداوو پێكدادانی تایفەگەرایی رەنگە تەواوی عێراق بتەقێنێتەوە.

لەوانەش زۆرتر، راستە، گیروگرفتەكانی یاسای هەڵبژاردن بەم دواییە تا رادەیەك چارەســەر كرا. بەڵام بەر لەو چارەسەرو تەنانەت دوای چارەســەرەكەیش، هێشتا دەیان كێشــەی قورس لــە نێوان كوردو حكومەتی فیدرالــی بەغدا لە ئارادایە بە تایبەتی لە ناوچە دابڕاوەكان. ئێنجا مەســیحییەكان و توركمان و ســابئەو ئێزدیش حاڵیان باشــتر نییــە لە حاڵە گشــتیەكە. بەم دواییە، ســەر لە نوێ هێرشە تیرۆریستییەكانی سەر مەسیحیان لە موســڵ و بەغداو بەسرە دەستی پێ كردەوە. تەنانەت شاری بەسرە كە سەدان ساڵە كۆمەڵگەیەكی بەرفراوانی خەڵكی بە ئایین مەســیحی لێ بووە، لەم دوو سێ ساڵەی دوایی بە شێوەیەكی بەرچاو چۆڵ بووە لە مەسیحیان.

بە كورتی، ئەگــەر حكومەتەكەی ئەلمالیكــی، یان تەنانــەت حكومەتی دوای هەڵبژاردنــی داهاتووش، گــەر بیانەوێت بارە خراپەكەی ئەمن و ئاسایش لە عێراق چارەســەر بكــەن و رێگە لە رووداوو تاوانــی خوێناویی وەك ئەوەی ئەم دوو سێ مانگە بگرن، ئەوا وا چاكە بە شێوەیەكی ئازایانە روو لە چاكسازی سیاســی و ئابــووری و رۆشــنبیری بكەن. بە بێ ئەم چاكســازییە، جەستەو رۆحــی عێراق هــەر بە نەخۆشــی و ئیفلیجــی دەمێننــەوەو هەتا دێ خوێن و كارەســاتیان لەبەر دەڕوات. هەروەها هیچ جــۆرە یارمەتییەكی دەرەوە، هەتا ئەگــەر لە ئەمەریكاوە بێــت، ناتوانێت چارەســەری كێشــە ئەمنیەكان بكات. ئەوەی بایەخێكــی زۆرتریش بەمجۆرە چاكسازییە دەدات ئەوەیە كە ئەمەریكا پێ دەچێت سوور بێت لەسەر كشاندنەوەی هێزە ســەربازییەكانی لە عێراق لە كاتە دیاریكراوەكانــی خۆیدا. خۆ ئەگەر ئەو چاكســازیانە نەكرێن بەر لە كشانەوەی هێزەكانــی ئەمەریــكا ئــەوا دەبێــت چاوەڕێی تاوان و كردەی تیرۆریســتی و شــاڵاوی خوێناویی زۆر گەورەتر بین لەوەی تا ئێســتا روویان داوە. ئەوسا كە ئەمەریكا كشــاوەو حكومەتی عیراق بە تەنیا لە بەرامبەر تیرۆرو دەســـوەردانی دەوڵەتــان مایەوە، ئەوا رەنگە نەك تەنیا پێكهاتەیەكــی مەزهەبی یان نەتەوەیی، یان حزبێك و لایەنێكی دیاریكراو زەرەری پێ نــەگات، بگــرە دوور نییە هەموو پێكهاتــەكان و لایەنــەكان زەرەرمەندی گەورە بــن لــەو داوڕۆژە. ئەوەش وەك زۆر جار گوتراوە، مەترســییەكی گەورە پێك دەهێنێت بۆ ئیستیقرارو مانەوەو دوا رۆژی دەوڵەتی عێراق.

**بەردەوام بوونی تیرۆرو نائەمنیەت لە پایتەختی فیدرالی و لە ناوچەكانی دیكەدا، رەنگە لە كۆتاییدا نەك تەنیا شكست بە ژیانی هاووڵاتیان بێنن، بەڵكو رەنگە چارەنووسی دەوڵەتی عیراقیش بخاتە بەر ئەگەری هەڵوەشانەوە**

**گەر حیكمەتی جەنابی سەرۆكی كوردستان و كارو كۆششی برادەرانی هاوپەیمانێتی كوردستانی نەبووایە، دوور نەبوو تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا تووشی دارمان و هەڵوەشانەوەو تەفروتونا بوون بهاتایە**

# چارەسەرکردنی
# ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانـ
# تورکیا دەکاتە هێزێکی گەورە لە نـ



# کێشەی کورد و
# ـی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا
# ـاوچەکە و ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا





**ئاکامی ئیجابی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چارەسەری سیاسیی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، وایکرد گۆڕانێک لە بۆچوونی هەندێک لە ژەنەراڵەکانی سوپا دروست بێت**

پێش ئەوەی داود ئۆغلۆ ببێتە وەزیری دەرەوەی تورکیا و ئەوە بە جیهان رابگەیەنێت: (هاوسێکانمان دۆستانمانن و دوژمنمان نین)، ساڵێك پێشتر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکی کوردستان و سەرکۆماری عێراقەوە راسپێردرابوو سەرۆکی ژووری عەمەلیات بێت بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە تورکیای راگەیاند: (ئێمە دەستی ئاشتی بۆ تورکیا درێژ دەکەین و خوازیارین پەیوەندیی ئابووری و سیاسیمان لەگەڵ تورکیا هەبێت، نەك تورکیا هەوڵبدات بەهێزە سەربازییەکانی هێرش بکاتە سەر کوردستان)، ئەو کات کە ئەم داواییەمان دەکرد سەرەتای رێگەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان بە رێگەی سیاسیی و دیالۆگی ئاشتیانە، بۆیە ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان و پەیوەندی باش لەگەڵ دراوسێکان هەڵیگرت،وایکرد کە هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك لە هاوکێشەی ئیقلیمی بۆ چارەسەری گرفتەکان و ئەمەریکاش پشتگیری ئەم هەوڵانەی کرد، هەربۆیە ئەمە سەرەتای دەسپێکی هەنگاو هەڵگرتن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری سیاسیی بۆ ئەو کێشانەی کە پێشتر بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ چارەسەری سیاسیی شکستی هێنابوو، بەڵام ئاکامی ئیجابی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چارەسەری سیاسیی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، وایکرد گۆڕانێك لە بۆچوونی هەندێك لە ژەنەراڵەکانی سوپا دروست بێت، لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا ئەو ژەنەراڵانەی گەیشتبوونە قەناعەت با رێگەی ئاشتی و سیاسیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تاقیبکرێتەوە، کەمینە بوون، بەڵام بەردەوامی و کاردانەوەی ئیجابی هەنگاوەکان وایکرد،کەمینەی لایەنگری چارەسەری ئاشینانە رای خۆی بسەپێنیت و وردە هەنگاوەکان بەرەو ئاسایبوونەوە جێگەی خۆیان بگرن.

**سیاسەتی نەرمی پیادەکراوی چەندین ساڵەی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە ئاڵۆزەکان و ئاسیکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی لەلایەن سەرۆک ئۆباماوە وەک سیاسەتێکی سەرکەتوو و جێگەی بایەخ سەیر دەکرێت**

ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ نەریتی سیاسەت لەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەنگاوێکی تازە بوو، پێشتر لەنەریتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نەبووە، قەوارەیەکی بچووك بتوانێت بە کاریگەری سیاسەت و هەڵسورانی دیپلۆماتییەکی ژیرانە رۆڵی هێزێکی ئاشتیخوازی گەورە بگێڕیت و شەڕ و کارەساتی ناخۆش و کاولکار لەخۆی و دەوڵەتانی هاوسێشی دووربخاتەوە، بۆیە شانازیکردن بە هێزی نەرمی هەرێمی کوردستان و قەناعەتپێکردنی بەهێزێکی گەورەی وەك سوپای تورکیا کە چارەسەری سەربازی کێشەکان زیاتر ئاڵۆزتر دەکات نەك چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە،هەروەها بە هاتنی سەرۆك ئۆباش بۆ کۆشکی سپی و راگەیاندی بەوەی سیاسەتی رەقی بوش دەگۆڕێت بۆ سیاسەتی نەرم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهاندا، دەبینین سیاسیەتی نەرمی پیادەکراوی چەندین ساڵەی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە ئاڵۆزەکان و ئاسییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی لەلایەن سەرۆك ئۆباماوە وەك سیاسەتێکی سەرکەتوو و جێگەی بایەخ سەیر دەکرێت و ستایشی بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆگانیش دەکات کە هاریکاری ئەم سیاسەتە نەرمەی کردووەو ئێستا پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بارێکی ئاسایدایەو هانی دەدات بۆ زیاتر سەقامگیربوونی عێراق پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو باشتر بچێت.

حکومەتی ئەردۆگان لەدامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە لەسەر دەستی مستەفا کەمالەوە، یەکەمین حکومەتە کە جورئەتی ئەوە دەکات دەسەڵاتی سوپا لەناو حکومەت سنوردار بکات و کەمبکاتەوە، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی مەترسیشی بۆ سەر حکومەتی تورکیا دروستکردووەو تائێستا چەند هەوڵێکی کودەتای سەربازی بە ئاراستەی هەوڵەکانی ئەردۆگان دراون، بەڵام هەوڵەکان ئاکامیان نەبووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئێستا ئەوانەی ناتوانن لەناو سوپا ئەم هەنگاوانەی حکومەتەکەی ئەردۆگانیان پێ هەزمناکرێت بوونە کەمینە، ئەگەر ئەردۆگان نەیدەتوانی لەسەر هەنگاوەکانی بەردەوام بێت و کودەتای بەسەردا دەکرا، کەواتە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەتا ئێستاش لەناو تورکیا ئاستەنگ بۆ هەنگاوەکانی ئەردۆگان بوونیان هەیە، بەڵام ئاستەنگەکان بەو ئاستە نین، هەوڵەکان رابگرن.

بەڵام لەوانەیە ئەو ئاستەنگانەی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دروستدەکرێن لەو ئاستەنگانە ئاسانتر بن کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا هەڵدەگیرێن، هۆکاری ئەمەش بەسادەیی ئەوەیە، کە هەردوولا (( کورد و تورك )) لە تورکیا بەوە رانەهاتوون، کە هەنگاوەکانی حکومەت بۆ کرانەوەو چارەسەری ئاشتیانە بە سەرکەوتنی دیموکراتی سەیر بکەن، بەڵکو لایەنی کوردی هەنگاوەکان بەسەرکەوتنی ئیرادەی خۆڕاگری و مقاوەمەت (کە مافی خۆشیانە وا بیر بکەنەوە) لەقەڵەم دەدەن، زۆربەی تورکەکانیش کە بەکلتوری ئەوە راهاتوون لەتورکیادا بێجگە لەتورك کەسی دیکە بوونی نییە، کە باسی


گوڵان
ژمارە (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤



چارەســەرکردنی کێشــەی کورد دەکرێت وەك شکستێك بۆ دەســتووری دەوڵەتی عەلمانی تورکیــا ســەیری دەکــەن و وای دەبینن کە ئــەردۆگان هەوڵ بۆ لە ناوبردنی ئەو دەوڵەتە دەدات کە مســتەفا کەمال دایمەزراندووە، ئەم بەشــە زۆرەی هاوڵاتیانی تورکیاش دیســان لەرووبەکــەوە مافی خۆیانــە وابیر بکەنەوە، لەبەر ئەوەی سیاســەتی نزیکەی ٨٠ ساڵی رابــردووی حکومەتەکانی پێشــووی تورکیا بەو جۆرە هاوڵاتیانی خۆی ئاراســتەکردووە کە بەوشێوەیە ســەیری کورد و کێشەی کورد لەتورکیادا بکەن.

ئێســتا کە حکومەتی تورکیــا دەیەوێت ئەم ئاراســتەیە بگۆڕێت پێویستی بەوەیە کە زۆر لایــەن هاریکاری لەم هەوڵــەدا بکەن، لەبەر ئەوەی گۆڕینی کلتورێــك کە لەماوەی ٨٠ ســاڵی رابردوودا هەمــوو ئیمکانیەتێکی بۆ تەرخانکرابێــت بۆ ئەوەی بچەســپێت، ئەوا لەماوەی چەند مانگێك بە ئاسانی ناگۆڕێت و پێویســتی بەنەرمــی نواندنــی هەمــوو لایەنەکانی کێشــەکە هەیە بۆ ئەوەی کلتوری تازەی چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە جێگەی کلتوری چارەسەری ســەربازی بۆ کێشەکان بگرێتەوە.

بێگومــان هەوڵدانیش بۆ گۆڕینی ئەم کلتورە دیســان هەنگاوێکی دیکەی بوێرانەیە،کەم ســەرکردە دەتوانێــت بــە بوێرانــە رووی راستەقینەی چارەســەری ئاشتیانە و دان بە خۆداگرتن بۆ ســەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بە راشــکاوی بە میللەتی خۆی بڵێت، هەروەك چۆن سادات بووە قوربانیی ئەو هەنگاوانەی بۆ ئاشتی هەڵیگرت و ئیســحاق رابین بووە قوربانی ئەو ئیمزایەی لەســەر رێککەوتنی ئۆســلۆ کردی،هەروەها یاســر عەرەفاتیش کە پێــش کۆچی دوایــی ماوەیەکی زۆر لە بارەگاکەی خۆی لە رامەڵلا و لەترســی ئەو هەژانــە جەماوەرییەی رێکخــراوی حەماس دژی پرۆســەی ئاشتی دروســتی کردبوو بە دەستبەســەری مایەوە، ئەویش قوربانییەکی دیکەی ئەوەبوو، کە نەیدەتوانی بەراشکاوی بە گەلی فەلەستین بڵێت شەڕبەردو هەڵکشانی توندوتیژی هیچ ئاکامێکی نییە و کێشــەکان لەسەر مێزی دانوستاندن چارەسەر دەکرێن، نەك بەو بەو گوتارە ئاگرینانەی کە سەرکردەکانی حەمــاس بە رێگــەی کەناڵــە عەرەبییەکان بڵاویاندەکردەوە، لە دەســپێکی هەنگاوەکانی هەوڵدەدان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە لــە تورکیــا لە هــەردوولاوە بینمــان چۆن کۆنترۆڵی ئەو هەســتە پەنگخواردنە کارێکی ئاســان نییە، ئەمــەش نەك تەنهــا لەلایەن هاوڵاتیانی ئاســاییەوە، بەڵکــو هەموومان هەندێك لەپەرلەمانتارەکانی تورکیامان لەکاتی وتارەکــەی ئــەردۆگان بینی چــۆن یاریان بەهەستی نەتەوەیی هاوڵاتیانی تورك دەکردو هەوڵیاندەدا ئەم هەســتە دژ بە هەنگاوەکانی ئەردۆگان بوروژێنــن، هەروەها لەدیاربەکریش بینمان چۆن پێشــوازی لەچەکدارانی پەکەکە کرا، بۆیە کاتێك لەم کێشــە ئاڵۆزە دەمانەوێت رووی راستەقینەی کێشەکە پیشانبدەین دەبینن بۆ نوســەرێکیش ئاســان نییــە، بەتەواوەتی کرۆکی کێشــەکە وەك خــۆی دەربخات و بە رۆچوون بە قوڵایی کێشــەکەدا وادەردەکەوێت کــە دژی خواســتی میللەتەکــەی خۆی بنووســێت، بەڵام لەبنەڕەتیشدا هەوڵەکان بۆ رێکخستن و دوورخستنەوەی ئەو ئاستەنگانەیە کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی چارەسەری ئاشــتیانەی کێشــەکە لــە تورکیادا،ئەمە دەرهاوێشتەی دیکەشی بەدوادا دێت، هەروەك چۆن بڕیــاری داخســتنی DTP لەلایەن دادگای تورکیا و دوورخستنەوەی ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارانی ئەو حزبە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەکاری سیاســیی، مەزندە دەکرێت کە ئاڵۆزی دیکەی بــەدوای خۆیدا بهێنێت، کە لەباری واقیعیشــدا دادگای تورکیا دەیتوانی بڕیارەکەی دوابخــات، یان رای بگرێت هەتا بارێکی گونجاو تر دەهاتە ئاراوە.

بڕیاری داخستنی DTP لەلایەن دادگای تورکیا و دوورخستنەوەی ژمارەیەک لە سیاسەتمەدارانی ئەو حزبە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەکاری سیاسیی، مەزندە دەکرێت کە ئاڵۆزی دیکەی بەدوای خۆیدا بهێنێت

بەهەرحاڵ بۆ پیشاندانی رەوشی ئێستای تورکیا و ئەو وەرچەرخانانەی لەئاکامی پێڕەوکردنی سیاسەتی کرانەوە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە پیادە دەکرێن، ئێمە لەم راپۆرتە لەگەڵ چەند نوســەر و ئەکادیمی و رۆژنامەنووسی تورکیا قســەمانکردووە، بــۆ ئەوەی بە شــێوەیەکی هاوســەنگ ئەو بارودۆخە بخەینە روو، بەڵام وەك لە راوبۆچوونــی ئەوانیش رەنگدانەوەی هەیە، ئاســتەنگەکانی بەردەم چارەسەرکردنی کێشــەی کورد لەتورکیا بە بــەراورد لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردســتان و تورکیا سەخترن، بەڵام ئەو رۆژنامەنووس و ئەکادیمیانەی تورکیا ئەو راستییە ناشارنەوە کە بەرەو پێشەوەچوونی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی یاریدەری بەهێز دەبێت بۆ ئەوەی پرۆســەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشــەی کــورد لەتورکیا هەنگاوی باشــتر بچێتە پێشــەوەو زیاتر لایەنی کورد لەتورکیا ســەیری هەرێمی کوردســتان بن، هەوڵبدەن بیر لــەوە بکەنەوە کە پرۆســەکە ئاکامێکی ئیجابیانــەی هەبێــت، ســەبارەت بە لایەنی هەســتی ناسیۆنالیســتی تورکیش لەتورکیا ئەوا لەوانەیە نزیکبوونەوەی زیاتری ئەمەریکا لەتورکیا و پێدانی رۆڵی زیاتر بەتورکیا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان و پشــتگیری ئەمەریکا بۆ ئەوەی زیاتر تورکیا لەیەکێتی تورکیا نزیکبێتەوە، هاوسەنگییەك دروســت دەکات بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا لەهەوڵەکانی خاو نەبێتەوە.

ئاستەنگەکانی بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا بە بەراورد لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا سەخترن

**ڕۆژنامەنووس ئیحسان داغی یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی تورکیا و بایەخ بە سیاسەتی تورکیاو چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەدات،بۆ قسەکردن سەبارەت بەم لایەنە گرنگە ڕۆژنامەنووس ئیحسان دەخی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



شاندێکی پایەبەرزی تورکیا سەردانی هەولێری کرد و، ئەمەش خواستی تورکیای نیشاندا بۆ باشترکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا

تورکیا لە ڕێی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دەتوانێت هاوکاری بێت لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق و پاراستنی یەکێتی ئەو وڵاتە

**ئیحسان داغی ڕۆژنامەنووسی تورک بۆ تورکیا:**

# دەبێت زۆر لایەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا هاوکاری ئەردۆگان بکەن بەهەرێمی کوردستانیشەوە

*** ئایا هیچ بەرەوپێشچونێك دەبینیت لە پەیوەندییەکانی ئەم دوایەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت گەشەکردن و بەرەوپێشچونێکی گەورەی پەیوەندییەکانە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە بەم دواییە شاندێکی پایەبەرزی تورکیا سەردانی هەولێری کرد و، ئەمەش خواستی تورکیای نیشاندا بۆ باشترکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ زیادکردنی هاوکاری نێوان هەردوولا لە بواری پرس و مەسەلە سیاسی و ئابوورییەکاندا، هەروەها لە بواری ئەمنیدا بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی پەکەکەوە هەبێت. واتە تورکیا پەرەی بەم پەیوەندییانە داوە لەسەر بنەمای هاوکاری دوولایەنە.

*** ئایا ئەو هۆکارانە چین وا لە تورکیا دەکەن ئەم هەنگاوانە هەڵبگرێت؟**

- هۆکاری یەکەم ئەوەیە تورکیا هەوڵئەدات زۆنێکی ئاشتی لە دەوری خۆی دروست بکات، مەبەستم ئەوەیە لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان وەك سەرچاوەی ناسەقامگیری لە تورکیا سەیرکراوە کە ئێستا تورکیا هەوڵئەدات ئەم بارودۆخە بگۆڕێت و چیتر ئەو هەرێمە نەبێتە سەرچاوەی نائارامی و ناسەقامگیری بۆ تورکیا بە تایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵن، چونکە تورکیا لە ڕێی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دەتوانێت هاوکاری بێت لە سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق و پاراستنی یەکێتی ئەو وڵاتە. لە لایەکی دیکەوە تورکیا ئامادەیی هەرێمی کوردستان دەبینێت بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندی گەلێکی ئاشتیانە کە لەسەر بنەمای هاوکاریکردن بنیاتنرابێت لەگەڵ تورکیادا. کە گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ تورکیادا خزمەت بە بەرژەوەندی کوردەکانی عێراقیش دەکات.

*** بەم دواییە حکومەتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان چەند هەنگاوێکی هەڵگرت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا، کە ئەمە بووە جێی سەرسوڕمانی تێکڕای جیهان بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا،بە چەشنێك لە کاتی سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئەمەریکا ئەم**

**خۆشحاڵییە بە ڕوخساری سەرۆکی ئەمەریکاوە دیاربوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینی دەکەیت سەرۆکی وەزیرانی تورکیا درێژە بەم هەوڵ و هەنگاوانە بدات؟**

- حکومەتی تورکیا هەوڵدەدات لە ڕێی بەرەوپێشبردن یاخود لە چوارچێوەی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراتیدا کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکات. من پێم وایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا تەنها ئەرکی حکومەتەکەی دادو گەشەپێدان نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو لایەکە کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و بەشداربن لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە کە من پێم وایە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە تورکیادا ئامادەییەکی تەواوی پیشان نەداوە لەم ڕووەوە. زۆرجار ئەو لێکدانەوەیە دەکرێت کە ئەم هەوڵ و هەنگاوانەی حکومەتەکەی داد و گەشەپێدان تەنها بۆ بەهێزکردنی پێگەی حزبەکەیە و ئامانجێکی سیاسی لە پشتە، کە من باوەڕم وایە ئەمە لێکدانەوەیەکی کورتبینانەیە. من دووپاتی دەکەمەوە دەبێت تێکڕای لایەنەکان لە تورکیا و ناوچەکەشدا، هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا بەشداربن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا دەبێتەهۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە و لە ڕاستیدا چارەسەرنەکردنی ئەم پرسە دەبێتە ئاستەنگێك لە بەردەم ئاساییکردنەوە و سەقامگیرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا. چونکە ئەگەر پەکەکە کردەوەی توندوتیژی لە تورکیادا ئەنجامبدات و بنکەی لە هەرێمی کوردستاندا بمێنێت ئەوا زەحمەتە تورکیا بتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکی نزیك بدات لەگەڵ ئەو هەرێمە و درێژە بدات بە هاوکارییەکانی لەگەڵیدا.

*** ئێمە ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە لەوەتەی تورکیا هەوڵەکانی خستۆتەگەر بۆ ئاساییکردنەوە و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ئەوا ڕۆڵی ناوچەی تورکیا گەورەتربووە و هەنگاوێکیش لە بوونی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا نزیك بۆتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تورکیا تا چ ڕادەیەك دەتوانێت بەهۆی بەردوامبوون لەسەر ئەم هەنگاوانە ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی، کە مەبەستمان بینیی ڕۆڵێکی ئیقلیمی باشتر و بوونە ئەندامە لە یەکێتی ئەورووپادا؟**

- سیاسەتی ئیقلیمی نوێی تورکیا لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراوە کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا نەبێت، کە ئێمە دەزانین پێشتر تورکیا چەندین کێشەو گیروگرفتی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە جۆرێکی دیکە داڕێژرایەوە بۆ ئەوەی خزمەت بە هێنانەدی ئەو ئامانجانە بکات کە تورکیا دەستنیشانی کردوون و بریتین لە بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا، پێشخستن و قوڵکردنەوەی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن لە وڵاتەکەدا، لەگەڵ باشترکردنی ئەدای ئابووری وڵاتەکە. کە هێنانەدی ئەم سێ ئامانجەش پێویستی بە ئاساییکردنەوە و باشترکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، چونکە ئەمە لە لایەکەوە دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا، لە هەمان کاتدا بنیاتنانی پەیوەندی نزیك لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا کە لەسەر بنەمای هاوکاری بنیاتنرابێت کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پرۆسەی دیموکراتی و ئەدای ئابووری وڵاتەکە. کە لەم سیاقەدا تورکیا هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەم چوارچێوەشەدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لە هەمان کاتدا توانیتی پرۆتۆکۆلێك لەگەڵ وڵاتی ئەرمینیا ئیمزابکات بۆ ئەم مەبەستە.

*** ئەوەی حاڵی حازر بەدی دەکەین لە تورکیادا ئەوەیە جەنەراڵەکانی سوپا کەمتر دەستێوەردان دەکەن لە کاروباری سیاسی و حکومەتداری وڵاتەکەدا. ئەمە بواری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا هەنگاوی باشتر بنێت، ئایا هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە چییە و چۆن سوپای ئەم وڵاتە بەم ڕۆڵی نوێیە ڕازی بووە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە ڕەچاوبکەین کە تورکیا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا دەدات، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە لە وڵاتەکەدا دەسەڵاتی مەدەنی باڵادەست بێت بەسەر سوپا و دامەزراوەی سەربازیی وڵاتەکەدا. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراسییەوە لە تورکیا ئەو تێگەیشتنە زیاتر لای تورکەکان چەسپیوە کە دەبێت سوپا ئەرکی خۆی ئەدابکات و شوێنی ڕاستەقینەی ئەو سەربازگەکانە و نابێت دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیدا بکات. خاڵی سێیەم ئەوەیە دەستێوەردان و باڵادەستبوونی سوپا بەسەر ژیانی سیاسی تورکیا هەیبەت و ڕێزی ئەو دامەزراوەی لای خەڵکی وڵاتەکە کەمکردەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سوپا خوازیارە دامەزراوەیەکی ڕێزلێگیراوبێت ئەوا دەبێت دەست لەم دەستێوەردانە هەڵبگرێت و ئەو ڕاستیەی لەبەرچاوبێت کە هەموو دەستێوەردانانەکانی ئەنجامی پێچەوانەیان لێکەوتۆتەوە.

*** دوای ئەوەی ئۆباما سەرۆکایەتی ئەمەریکای گرتەدەست سیاسەتی تورکیا گۆڕانکاری بەسەردا هات، کە ئێمە بینیمان سەرۆك ئۆباما لە سەردانەکەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی تورکیاشی کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گۆڕانی ئەم سیاسەتە پەیوەندی بە چییەوە هەبوو، ئایا هۆکارەکە ئەوەبوو کەتورکیا سیاسەتەکانی ئیدارەی جۆرج بۆشی ڕەتدەکردەوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین زۆرێك لە خەڵکی تورکیا ناڕازی بوون لەو سیاسەتەی ئیدارەی بۆش لە ئاست وڵاتە ئیسلامییەکاندا پەیڕەوی دەکرد لە چوارچێوەی شەڕی دژە تیرۆردا. دواتر بە گەیشتنی ئۆباما بە کۆشکی سپی دەرکەوت کە سیاسەت و ئەولەویاتەکانی ئیدارەی ئەمەریکا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ سیاسەت و ئەولەویاتەکانی تورکیادا، ئەمەش زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەگەری هاوکاری نێوان ئەمەریکا و تورکیا لە ئاست چەندین پرس و کێشەی ناوچەییەدا ببێتە واقیع. لە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی وەزیرانی تورکیاش بۆ ئەمەریکا سەرۆك ئۆباما باسی لەوەکرد سەنگی تورکیا لە جیهاندا زیاتر بووە، ئەمەش دانپێدانانێکە کە تورکیا توانیویەتی لە ڕێی هێزی نەرمەوە، واتە پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە بەشداربێت لە هەوڵەکانی سەقامگیری و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا، نەك لە ڕێی هێزی ڕەقەوە، واتە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا ئامادەیە پشتگیری لە تورکیا بکات لەم هەنگاوانە، بە تایبەتی دوای سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ ئەمەریکا؟**

- کاتێك سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی تورکیای کرد باسی لە پێکهێنان و بنیاتنانی شەراکەتێك کرد لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدا. من پێم وایە ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی تورکیاش بۆ ئەمەریکا تەواوکەرە بۆ ئەو هەوڵە و دەرفەتێکە بۆ باسکردن لە ووردەکارییەکانی ئەو شەراکەتە کە لە چوارچێوەیدا باس لە کێشەکانی ئەفغانستان، ئێران و فەلەستین کراوە و بیروبۆچونی هەردوولا لە زۆر ڕووەوە لێکنزیك بووە.

چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا دەبێتەهۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە

**تورکیا توانیویەتی لە ڕێی هێزی نەرمەوە، واتە پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە بەشداربێت لە هەوڵەکانی سەقامگیری و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا، نەک لە ڕێی هێزی ڕەقەوە**

**پرۆفیسۆر دغۆ ئیرگل ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئەنکەراو پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لەتورکیا و یەکێکە لە ستوون نووسە دیارەکانی رۆژنامەکانی تورکیا بە تایبەتی ئەوانەی بەزمانی ئینگلیزی دەردەچن بۆ قسەکردن لەسەر هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی تورکیا و سیاسەتی ئایندەی تورکیا پرۆفیسۆر دغۆ ئیرگل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**



دوای ئەوەی پەکەکە چەک دادەنێت ئەوا دووبارە کوردەکان پشتگوێ دەخرێن و فەرامۆش دەکرێن

پرۆفیسۆر و رۆژنامەنووس دۆغۆ ئیرگل بۆ گوڵان:

# لەوڵاتی دیموکراسیدا تاکە ئەرکی سوپا بەرگریکردنە لەخاک و سنوری وڵاتەکە لەبەرامبەر هەڕەشەی هێزە دەرەکییەکاندا

*** بایەخدانی حکومەتەکەی ئەردۆگان بە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا هەنگاوی ئیجابی بوون، ئایا تاچەند پێشبینی دەکەیت ئەم هەوڵانەی بەردەوام بێت؟**

- سیاسەتی تورکیا لەئاست کوردەکان دوو بەشە، سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ئاست کوردەکانی عێراق و سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ئاست کوردەکانی ناوخۆدا. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانی عێراقەوە هەبێت ئەوا حاڵی حازر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم هەرێمە و تورکیا زۆر زۆر باشترە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، ئەمەش دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان چەند ئیجرائاتێکی گرتەبەر و بواریان لەبەردەم پەکەکەدا بەرتەسکردەوە، لەو کاتە چەند هەنگاوێك بۆ هاوکاریکردن لە نێوان ئەمەریکا و حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەڵگیراوە کە هەرچەندە هێشتا تەواو جێی ڕەزامەندی نین، بەڵام بوونەهۆی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانی ناوخۆوە هەبێت، ئەوا هێشتا گیروگرفتی زۆر ماوە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست کە لەم چوارچێوەشەدا تەنها جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت دەبێت چەکدارانی پەکەکە لە چیاکان بێنەخوارێ و چەکەکانیان تەسلیم بکەن، بەڵام خودی پەکەکە و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کە پارتێکی یاساییە بەو شێوەیە ئەم داواکارییە لێکدەدەنەوە کە دوای ئەوەی پەکەکە چەك دادەنێت ئەوا دووبارە کوردەکان پشتگوێ دەخرێن و فەرامۆش دەکرێن. هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئەوەی جێی داخە کردەوەکانی ئەم دواییە لە دانانی بۆسە بۆ سەربازەکانی تورکیا بوونەهۆی ئەوەی هێرشبکرێتە سەر ئەو پرۆسەیە و ڕەخنە لە دەستپێشخەرییەکانی حکومەتی تورکیا بگیرێت بۆکرانەوە بە ڕووی کوردەکاندا، نەك تەنها لە لایەن بەرهەڵستکارەکانەوە بەڵکو لە لایەن زۆرینەی خەڵکی تورکیاشەوە.

*** ڕاوبۆچونی ئێوە چییە کە سەرۆك ئۆباما سوپاسی سەرۆك وەزیرانی تورکیای کرد بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا؟**

- ئەمە باشترین بەشی هاوکێشەکەیە، پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردەکانی عێراقە نزیکە لە پەیوەندی ئاساییەوە و ئەوەی زۆر

گرنگە ئەوەیە لەگەڵ هەڵکشـانی ئاسـتی هـاوکاری لە نێوان هەردوولادا ئەوا ئاسـتی متمانەش لە نێوانیان بەرەو هەڵکشـان چووە، ئەمە خالێکی زۆر گرنگە.

*** تورکیا تا چ ڕاددەیـەك دەتوانێت بەهۆی بەردوامبـوون لەسـەر ئـەم هەنگاوانە ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی، کە مەبەستمان بینینی ڕۆڵێکی ئیقلیمی باشـتر و بوونە ئەندامە لە یەکێتی ئەوروپادا؟**

- ئێمـە ئەوە دەزانین کە پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا دژی بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی هێزەکانـی ئەمەریکا لە خاکـی وڵاتەکەیدا دەنگیدا، کە ئەم هێزانەش بە نیازبوون لە باکوری وڵاتەکەوە هێرشبکەنەسـەر عێراق و داگیری بکەن، ئەوەبوو دواتر لە باشـوورەوە پرۆسـەی داگیرکردنەکەیـان ئەنجامدا. بەڵام دواتر ئەو ڕاسـتییە ڕوون بۆوە کە سیاسـەتی ئیدارەی جۆرج بۆشی سیاسەتێکی زیانبەخشە هەم بە عێراق و هەم بۆ تەواوی ناوچەکە. هەروەها ئەو وێرانکارییانەی دواتر ڕویاندا ئەوەیان سەلماند هەڵوێستەکەی تورکیا هەڵوێستێکی مەبدەئی بووە و ئێسـتاش هەوڵ دەدات ئەم سیاسـەتە دووبـارە نەکرێتەوە لە وڵاتێکـی وەك ئێراندا، بۆ نموونە تورکیا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بوار و دەرفەتـی پێبدەن بۆ ئـەوەی قەناعەت بە وڵاتی ئێران بهێنێت تاوەکو بەو شێوەیە پەرە بە تەکنەلۆجیای ئەتۆمی نەدات کە لە کۆتاییدا ببێتەهۆی دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی، بەڵام ئەگەر ئێران سـووربوو لەسەر ئەم کارە و پێداگیری کرد لەسەر دروستکردنی ئەم چەکە ئەوا ئـەو کاتە تورکیا پشـتگیری وڵاتانی ئەوروپـا و ئەمەریـکا دەکات بۆ گرتنەبەری ئیجرائای سەختتر لە ئاست ئێران و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا. بە هەمان شێوە تورکیا بەرهەڵستی ئەوەدەکات ئیسرائیل مامەڵەیەکی نارەوا لەگەڵ فەلەسـتینیەکان بکات، یاخود ئەمەریکا فشارێکی نارەوا بخاتە سەر سوریا، کەواتە تورکیا لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی هاوسەنگ دەبینیت و هەوڵئەدات دەوڵەتانی ناوچەکە پەنا بۆ مومارەسـەی توندڕەوانە نەبەن و دالّدەی تیرۆریسـتان نەدەن و هەرەشـە لـە دەوڵەتە دراوسێکان نەکەن، واتە تورکیا ڕۆڵی ناوبژیوانی دەبینیت و هەوڵئەدات سیاسەتێکی میانڕەوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادەبکرێت.

*** تاچەند سوپا بەوە رازی بووە کە دەستێوەردان لە ناو حکومەت نەکات و حکومەت سەرقاڵی کاری مەدەنییەکان بێت نەك ژەنەراڵەکان؟**

- یاسـای تورکیا سـوپای ئەو وڵاتەی وەك پارێـزەری ڕژێمـی وڵاتەکـە ناسـاندووە، ئەمە بیانوو دەداتە دەسـت سـوپا کە هەمو بەرەوپێشـچونێك بە مەترسی لێکبدەنەوە، بەو پێیە خۆیان بە ناچاردەزانن دەستێوەردان بکەن، کە دەستێوەرانیشـیان کرد دەبنە گەمەکارێکی سیاسـی. ئەو کاتە دەبێـت مامەڵە لەگەڵ خەڵکـدا بکەن و ئەمەش ڕوبـەڕووی ڕەخنە و تۆمەتیان دەکاتەوە لەلایـەن خەڵکەوە. ئەم حاڵەتـەش پێچەوانەی دیموکراسـییە، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی دیموکراسـیدا تاکە ئەرکی سوپا بەرگری کردنە لە خاك و سنوری وڵاتەکە لە بەرامبەر هەرەشـەی هێزە دەرەکییەکاندا. بـەم دواییە جەنەراڵێکی سـەربازی بە چەند بەڵگەنامەیەکەوە دەسـتگیرکرا کـە ئەوەیان دەسـەلماند هەوڵی ئەنجامدانـی کودەتا لە ئارادابوو، لەم پرۆسەیەدا دەست بەسەر چەندین جبەخانەی چەکـدا گیرا کـە ئامانج لێیان دروستکردنی پشـێوی بوو بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان داوابکەن سوپا کودەتا ئەنجامبدات.

*** ئەو گۆڕانەی لەسیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە دەیبینن لەدوای هاتنی سەرۆك ئۆباماوە دەستی پیکرا،ئایا تاچەند ئەو گۆڕانانە پەیوەندی بە هاتنی ئۆباماوە هەیە بۆ کۆشکی سپی؟**

- تورکیـا لە نێـو وڵاتە ئیسـلامییەکانی ناوچەکەدا تاکە وڵاتی دیموکراسییە. ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا خوازیاری هێنانەدی ئاشتییە لە ناوچەکەدا بۆ ئەم مەبەسـتە پێویستی بە تورکیا هەیە، پێویسـتی بـە تورکیا هەیە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و سەقامگیرکردنی عێراق، پێویستی بە تورکیا هەیە بۆ جڵەوکردنی ئێران، بۆ ڕاکێشـانی سوریا بۆ پرۆسەی ئاشتی، بۆ کۆتای هێنان بە ناکۆکی نێوان ئیسـرائیل و فەلەستینیەکان. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو سـەرۆك ئۆباما لە سـەردانەکەیدا بۆ تورکیا ستایشـی ئەو وڵاتە بکات و و وەك نمونەیەك بۆ وڵاتانی ناوچەکە ئاماژەیی پێبکات.

**تورکیا لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا تاکە وڵاتی دیموکراسییە. ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا خوازیاری هێنانەدی ئاشتییە لە ناوچەکەدا بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە تورکیا هەیە**



**حوسێن گلیرجە سیاسەتمەدار و ستوونووسی رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی کە بەزمانی ئینگلیزی لە تورکیا دەردەچێت، یەکێکە لەو نوسەرانەی کە بە تورکی دەنووسێت، بەڵام نووسینەکانی لە رۆژنامەی تودەی زەمان دەکرێت بە ئینگلیزی و بڵاو دەکرێتەوە، هەربۆیە ئەم دیمانەیەش لەگەڵ بەڕێز حوسێن گلیرجە بە زمانی تورکی کراوە و، تاوتوکردنی هەنگاوەکانی ئەم دواییەی ئەردۆگانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا و ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەی بەڕێز گلیرجەیە بۆ گوڵان.**



**حوسێن گلیرجە سیاسەتمەدار و ستوونوسی تودەی زەمان بۆ گوڵان:**

# بەبێ چارەسەربوونی کێشەی کورد تورکیا نابێتە دیموکراتی و ئەردۆگانیش لە هەنگاوەکانی بەردەوام دەبێت

**بەبێ چارەسەربوونی کێشەی کورد تورکیا نابێتە دیموکراتی**

*** بەڕێزت وەك سیاسەتمەدارێك و رۆژنامەنووسێك تاچەند گەشبینیت بەوەی بەڕێز ئەردۆگان لە سیاسەتی کرانەوەو هەنگاو هەڵگرتنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەردەوام دەبێت؟**

- بەڕێز ئۆردۆگان مەجبورە لەسەر ئەو هەنگاوانەی بەردەوامبێت. چونکە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بۆ دیموکراتی بوونی تورکیا زۆر گرنگە، بەبێ چارەسەربوونی کێشەی کورد تورکیا نابێتە دیموکراتی. بەڕێز ئۆردۆگانیش سەبارەت بە بەردەوامبوونی لەسەر چارەسەری کێشەی کورد، یاخود بە شێوەیەکی تر بڵێم بەرەو کرانەوە بە ڕووی دیموکراتیدا لە دواین ڕوونکردنەوەیدا جەختی لەسەر بەردەوامبوونی کردەوە.

*** سەرۆك ئۆباما ستایشی هەنگاوەکانی بەڕێز ئەردۆگانی کرد بۆ ئاسایکردنەوەی پەوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئایا تاچەند ئەم ستایشە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئایندەی هەرێمی کوردستان و تورکیا زیاتر بەرەو پیشەوە بچن؟**

- لە تورکیادا ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی کورد هەیە. بە تایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە شێوەیەکی زۆر دانیشتوانی کورد لە خۆ دەگرێت. کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردەکانی ئێمە برای یەکترن. هەربۆیەش داهاتووی هەرێمی کوردستانی باکوری عێراق داهاتووی تورکیاشە. هەربۆیە ئارامی و ئاشتی و ئاسایش و پێشکەوتنی ئەو ناوچەیە لە ئەستۆی تورکیاشدایەو داهاتوومان هاوبەشە. هەروەها تورکیا لە ڕێگای بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا وە لە لایەنی دیمۆکراسی و عەلمانیەتدا لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهاندا بەردەوام لە بەهێزبوون دایە. لەگەڵ عێراقی دراوسێی دا لە لایەنەکانی ئایین، کلتوورو مێژوو پەیوەندی دێرینیان هەیەو زۆر لاشی گرنگە کە ئەم پەیوەندییانە زیاتر بەرەو پێش ببات. وەك تورکیا پێویستە لەسەرمان پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی باکوری عێراق بەهێزترو پتەوتر

بکەین بۆ زیاتر سەقامگیرکردنی داهاتووی ئاشتی و ئارامی ناوخۆیی عێراق.

*** کەواتە تورکیا بەم هەنگاوانەی مەبەستێتی رێگەی دووری بوونی بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپا کورت بکاتەوە، ئایا ئەمە قەناعەتی مەبدەئی بەڕێز ئەردۆگانە؟**

- تورکیا بۆ بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا تەنها لەسەر بڕیاری خۆی نەماوەتەوە. لە ناوخۆی تورکیادا و لە ئەوروپاشدا، بەشێك لە سیاسەتمەداران و چینێك لە خەڵك هەن کە دژ بە ئەندامبوونی تورکیان لە یەکێتی ئەوروپا، هەروەها دەبنە بەربەستێك لەبەردەم بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بە بەهانەی ئەوەی کەوا تورکیایەکی موسڵمان لە ئەوروپایەکی کرستیان جێگای نابێتەوە. بەڵام حکومەت و شەست لە سەددای ڕای گشتی تورکیا جەخت لەسەر بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکەنەوە.

*** لەسەر ئاستی باڵا دەستی سوپا لە تورکیا هەست دەکەین ئەم باڵادەستییە گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، ئایا بەڕای تۆ چ هۆکارێك بوو وای لە سوپا کرد ئەم هەڵوێستەی خۆی بگۆڕێت؟**

- لە ڕاستیدا لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، لەوە تێگەیشتین کە ناتوانین بە تەنها لە ڕێگای وتووێژی سەربازییەوە بەسەر تیرۆردا زاڵبین. لە هەمان کاتدا وڵاتانی ناوچەکەو، ئەمەریکا و ئەوروپاش گرنگی بەم کێشەیە دەدەن. چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا، بەڕێز ئۆردۆگان لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا، لە کۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، ئۆباما، بە شێوەیەکی بەرفراوان لەبارەی ئەم کێشەیەوە دووان. هەروەها لە هەمانکاتدا، بەدیموکراتیبوونی تورکیا چارەسەری کێشەی کورد زیاترو خیراتر دەکات. ئیسرار کردنی حکومەتی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو بۆتە سەرچاوەی جورئەتی خەڵکەکە. ئەگەر تورکیا نەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەوروپییەکان، بە تایبەتی فەرەنساو ئەڵمانیا هۆکارن.

*** هەست ناکەیت دوای ڕۆشتنی بوش لە کۆشکی سپی گەلی تورکیا ئێستا بە شێوەیەکی ئیجابی سەیری ئەمەریکا دەکات؟**

- سیاسەتی بۆش بەرامبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەروەها تورکیاش سیاسەتێکی ناتەبا بوو. بنچینەی سیاسەتی بۆش بریتی بوو لەوەی (ئێمە ئەوەی دەمانەوێت دەیکەین، پرس بە کەس ناکەین، بەرپرسیاریشمان بەرامبەر بە کەس نییە). ئەم سیاسەتەی بۆش ئەمەریکای بە بێ دۆست هێشتبووەوە و زۆر ئیعتباراتی لە دەست دابوو. ئۆباما بۆ گەڕانەوە لەم هەڵانەی بۆش هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆ ڕاگرتنی ململانێی نێوان نەتەوەکان،تورکیا پێگەیەکی گرنگی هەیە. هێشتا لە ژێر چەتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆژەی تەبابوونی میللەتەکان لە ئارادایە. ئەم پرۆژەیە دوو سەرۆکی یەکسانی هەیە. یەکەمیان سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا و ئەوەی تر سەرۆك وەزیرانی تورکیا. واتە بۆ نەهێشتنی ململانێی موسڵمان و کرستیان و نەهێشتنی ڕوودانی ئەم ململانێیە لەسەر ئاستی جیهان پێگەی تورکیا لەم ڕووەوە لە لایەن هەموو دنیاوە ڕوون و ئاشکرایە. هەروەها تورکیا پردێکی گرنگە بۆ دیالۆگی کلتورە جیاوازەکان. هەم زۆرینەی خەڵکی موسڵمانەو هەمیش دەوڵەتێکی عەلمانی و دیموکراتی و سەروەری یاسایە و خاوەنی ئیدارەیەکی ڕێ پێدەری زیادبوونی ئازادییەکانە. بۆ سەقامگیری ئاشتی جیهانی بوونی تورکیا چانسێکی یارمەتیدەرە.

هەر بۆیە هەموو مەزندەکان بەو جۆرەیە لەمەوپاش پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا زیاتر بەهێزتر و فراوانتر دەبێت و لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا شتێك بە ناوی (مۆدێلی هاوبەش) لە لایەن هەردوولاوە هێنراوەتە ئاراوەو بوارەکانی زانست، هونەر، ئابووری و تەکنەلۆژیا بە هاوکاری هەردوولا بەرەو پێش دەبات. بەڕێز سەرۆك وەزیران ئەردۆگان لە دواین سەردانیدا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا خستە ئاستێکی باشترەوە.

**تورکیا لە ڕێگای بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا وە لە لایەنی دیمۆکراسی و عەلمانیەتدا لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهاندا بەردەوام لە بەهێزبوون دایە**

**هێشتا لە ژێر چەتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆژەی تەبابوونی میللەتەکان لە ئارادایە**



## بالیۆز موختار لەمانی نووسەری راپۆراتی هەقیقەتە تازەکانی عێراق بۆ گوڵان:




بالیۆز موختار لەمانی هەتا ساڵی ٢٠٠٧ باڵیۆزی شانشینی عەرەبی مەغریب بووە لە عێراق و ئێستاش یەکێکە لەگەورە تۆژەرەکانی سەنتەری داهێنان و حکومڕانی نێو دەوڵەتی و پسپۆرو تایبەتمەندیشە لەسەر کێشەی عێراق و نووسەری ئەو راپۆرتەشە کە بە هاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر ئیلەن لەیپسۆن لەسەر هەقیقەتە تازەکانی عێراق و سیاسەتی حکومڕانی و فیدرالیزم نوسیویانە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئەم راپۆرتە و تێڕوانینی باڵیۆز لەمانی بۆ ئایندەی عێراق پەیوەندیمان بە بەڕێزییەوە کردوو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

# لە ساڵی ٢٠٠٦دا کوردەکان ڕۆڵی ناوبژیوانیان لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بینی کارێکی زۆر ئیجابی بوو

# IRAQ'S NEW REALITY

REPORT III



## THE POLITICS OF GOVERNANCE AND FEDERALISM

سیاسی
گولان
ژماره (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤
٣٣

STIMSON

CIGI

The Centre for International Governance Innovation
Centre pour l'innovation dans la gouvernance internationale

**• ئێوە لە راپۆرتەکەتاندا باسی هەقیقەتە تازەکانی عێراق دەکەن ئایا مەبەستان چییە؟**

- گومان لەوەدانییە کە هەندێ بەرەوپێشچوون ڕویداوە بە بەراورد بەو بارودۆخەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ دروست بوو، بەڵام هێشتا هەلومەرجەکە سەقامگیر نەبووە، من پەیوەندیم لەگەڵ تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە و ئێمە هەمیشە ئەوە دوپات دەکەینەوە کە ناتوانرێت بێ چەسپاندنی ئاسایش دەستبکرێت بە پرۆسەیەکی جیددی و درێژخایەنی ئاوەدانکردنەوە، لە هەمان کاتدا ناتوانرێت ئاسایش بچەسپێنرێت بێ بوونی پرۆژەیەکی سیاسی جیددی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی، کە حاڵی حازر ئەمە لە ئارادانییە و هەر ئەمەش هۆکاری هەڵکشانی هەل و مەرجەکەیە کە ئەمڕۆش چەندین تەقینەوە ڕوویداوە و لایەنە جیاوازەکان هەموو کارتەکانی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بارودۆخەکە دروست بکەن، کە من هیوادارم دوای هەڵبژاردنەکان بایەخێکی زیاتر بدرێت بە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی.

**• ئێوە لە ڕاپۆرتەکاندا باس لەوە دەکەن پێکهاتەی عێراقییەکان تێڕوانینێکی هاوبەشیان نییە، ئایا چۆن دەکرێت لەم بارودۆخەکەدا سەقامگیری بچەسپێنرێت؟**

- ئەوە ڕاستە، عێراقییەکان چەندین هەڵەیان کردووە، یەکێك لە هەڵە زۆر زۆر گەورەکان ئەوەیە چەند گروپێکی دیاری کراو هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا دەکەن دژی عێراقییەکانی دیکە، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. من پێم وایە ئەگەری ئەوە هەیە عێراقییەکان بتوانن بگەنە ڕێککەوتن و یەکدەنگییەك لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان و ئەو دابەشبوونە تێپەڕێنن، هەروەها دەتوانن بارودۆخەکە لە ناوەوە ڕێکبخەنەوە و عێراقیش نیشتمانێکە جێی هەمووانی تێدادەبێتەوە و وڵاتێکی دەوڵەمەندە، کە بەم شێوەیە دەکرێت ببێتە نمونەی سەرکەوتنی دیموکراسی و پاراستنی مافی کەمینەکان و تێکڕای گروپە ئاینی و ئیتنیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێویستییەکی زۆر بە نمونەیەکی لەم چەشنە هەیە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە هێشتا ئەم ئامانجە نەبۆتە ئەولەویەت لای عێراقییەکان.

**• ئێوە باس لە زەروورەتی پیادەکردنی فیدراڵیزم دەکەن لە عێراقدا، ئەگەر ئەم چارەسەرە نەگیرێتەبەر ئایا جیابوونەوەی کوردستان دەبێتە ئەمری واقیع؟**

- من هەمیشە هاوسۆز بوومە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، لەبەر ئەوەی نەهامەتییەکی زۆریان چەشتووە لەسەر دەستی بەعسییەکان، هەروەها من پشتگیری ئەوەم کردووە کوردەکان هەرێمی خۆیان هەبێت و مافەکانی خۆیان بپارێزن و زمانی خۆیان بپارێزن، بەڵام نابێت ئەو هەڵەیە دووبارە بکەنەوە کە لە هەندێ شوێنی دیکە ڕوویداوە. من هەر لە سەرەتاوە ئەوەم دووپاتکردۆتەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی بنیاتنەر ببینێت لە نێوان گروپە جیاوازەکانی عێراقدا کە بێ متمانەیی هەیە لە نێوانیاندا هەیە و هەرێمی کوردستان دەتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ تێکڕای گروپەکان و دانیشتن و کۆبونەوە ئەنجامبدات بۆ لێکنزیککردنەوەیان و ئەمەش پێگەیەکی باش بەو هەرێمە دەبەخشێت.

**• ئێوە باستان لە ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت چیتر بکات لە عێراق و لە کوردستاندا؟**

- من هیوادارم هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئیجابی خۆی ببینێت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تێکڕای گروپەکانی دیکەدا و لە بینینی ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوانیاندا، هەروەها پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ ئەو گروپانەی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان نیشتەجێن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە و هەڵەی هەندێ گروپی دیکە دووبارە نەکاتەوە لەپەنابردن بۆ کاری توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە.

**• ئێمە دەبینین ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەکان قوڵە و ڕەنگە تا ڕاددەیەك ئاشتەواییکردنیان لەگەڵ یەکدا مەحاڵ بێت، بۆ نموونە ئەمڕۆ چەند تەقینەوەیەك لە عێراقدا ڕوویانداوە و بونەتەهۆی ئەوەی ١٢٠ کەس ببنە قوربانی و زیاتر لە ٢٠٠ برینداربن، ئەوەی تا ئێستاش بارودۆخەکەی وەك خۆی هێشتۆتەوە فشاری ئەمەریکییەکانە، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چی ڕوودەدات؟**

- سەرەتا من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی پێی وایە کە ناکرێت ڕێککەوتنێك لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بهێنرێتەدی، بەڵکو ئەگەری ئەم ڕێککەوتنە لە ئارادایە، لە هەمان کاتدا شیعەکان یەك گروپ نین، بە هەمان شێوە سوننەکانیش، لە هەردوولادا گروپ و لیستی جیاواز هەیە. کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٧ لە عێراق بووم و ئەو وڵاتەم جێهێشت ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان شیعە و سوننەکاندا هەبوو، ئێستا ئەوەی جێی داخە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان خەریکە گرژی ئیتنی ڕوودەدات لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا. ئێمە دەبێت چارەسەری گونجاو و عەمەلی بۆ تێکڕای کێشەکان بخەینەڕوو، لە ساڵی ٢٠٠٦دا کوردەکان ڕۆڵی ناوبژیوانیان لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بینی و ئەمە کارێکی زۆر ئیجابی بوو، من هیوادارم چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکانی کەرکوك و موسڵ و ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەر بدۆزرێتەوە و ئەوەی جێی حەسرەتە، ئەوەی عێراقییەکان بە تێکڕای گروپەکانەوە تەنها داواکارییەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، بێ ئەوەی هەوڵبدەن لە داوای لایەنەکانی دیکە تێبگەن.

**• ئایا دەکرێت بەم شێوەیە وڵاتەکە بنیاتبنرێتەوە؟**

- ئەوە بەشێکە لە واقیعەکە، بەڵام من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان خۆیان هەڵبستن بە خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و چاوەڕێی هیچ لایەکی دیکە نەکەن کێشەکانیان بۆ یەکلابکەنەوە. هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانیش بەوەدەبێت بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکە لەبەرچاوبگیرێت و کێشەی گروپە ئیتنی و ئاینیەکان چارەسەربکرێت.

**• دەستێوەردانی دەرەکی کاریگەری هەیە لەسەر بەردەوامبوونی کێشەکانی عێراق، بۆ نموونە ئێران پشتیوانی لە شیعەکان دەکات و سعودیەش لە سوننەکان، ئایا بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە چییە لەم دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا؟**

- هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق نادات، بەڵکو سیاسەتی ئەم وڵاتانە پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە.

**یەکێک لە هەڵە زۆر زۆر گەورەکان ئەوەیە چەند گروپێکی دیاری کراو هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا دەکەن دژی عێراقییەکانی دیکە**

**من پشتگیری ئەوەم کردووە کوردەکان هەرێمی خۆیان هەبێت و مافەکانی خۆیان بپارێزن و زمانی خۆیان بپارێزن**

ئـەوەی پێویســـتە عێراقییـــەکان بیکەنە ئەولەویەتی خۆیان یەکخســـتن و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆییە، مەبەســـتم ئەوەیە دەبێت تێکڕای پێکهاتەکان، ســـوونە و شـــیعە و کوردەکان بگەنە ڕێککەوتن و کۆدەنگیەك لەسەر پاراســـتنی بەرژەوەندی نیشتیمانی کە لە چوارچێوەیدا بەرژەوەندی کوردەکان، شـــیعە و ســـوننەکان و گروپەکانی دیکە پارێزراوبن.

**● ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەسەر ئەو ناکۆکی و جیاوازی لە هەڵوێســـت و تێگەیشتنەی نێـــوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی فیدراڵی، ئایا ئەگەری ئەوەهەیە ببێتە سەرچاوەی گرژی و ئاڵۆزی؟**

- من پێم وایە هەروەك چۆن دەبێت نیگەرانی و خواستی کوردەکان لەبەرچاوبگیرێت، بە هەمان شـــێوە دەبێت نیگەرانی و ویســـتی ئەو گروپـــە کەمینانەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە هەرێمی کوردســـتاندا دەژین. ڕاستە کوردەکان هەوڵی ئـــەوە دەدەن ئایندەیەکی باشـــتر بۆ منداڵ و نەوەکانیان بهێننەدی و ئەوان ئازارێکی زۆریان چەشت لە ڕابردودا، بـــەڵام دەبێت براگماتی بن لە ئاســـت ئەو چارەســـەرەی کـــە لـــە لایەن دەســـتوری وڵاتەکەتانـــەوە پشـــتگیری لێدەکرێت، بە چەشـــنێك هەرگیز کارەســـاتەکانی ڕابردو دووبارەنەبنـــەوە و مافەکانتان پارێزراوبێت، ئەگـــەر ئەمە ڕوویدات ئێتر بۆچی متمانە بەیەك نەکەن و بۆچی شـــەڕ لەگەڵ یەکدا بکەن. ئێمـــە دەبێت هەنگاو بـــە هەنگاو هەوڵی چارەســـەرکردنی ئەم کێشانە بدەین و بە داخەوە ئێســـتا ئەمە ڕوونادات و من هیـــوادارم دوای هەڵبژاردنـــەکان کار بۆ چارەســـەکردنی ئەم کێشانە بکەین و دەرس لە هەڵەکانی ســـاڵی ڕابردوو وەربگرین و هەوڵبدەین ڕاستیان بکەینەوە.

**● بەڵام هەر کاتێك گفتوگۆ لە بارەی ئەم کێشانەوە بکرێت ئەوا ئەمەریکا فشارێکی زیاتر دەخاتە ســـەر کوردەکان، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من پێم وایە کوردەکان ســـەرکردەی دیار و ناســـراویان هەیـــە و کاتێك من لە بەغدا بـــووم بۆم دەرکەوت کە لـــە ناو کوردەکاندا ســـەرکردەی بـــە توانا و لێهاتـــوو هەیە و ئومێدوارم لـــە حکومەتی مەرکەزیشـــدا کەسانێك هەبن کە ئیستیجابەیان هەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە.

**● هەرچۆنێـــك بێت عێراقییەکان لەســـەر یاســـای هەڵبـــژاردن ڕێککەوتـــن، بەڵام چاودێران پێشـــبینی هەڵکشـــانی ئاستی توندوتیژی بکەن لەگـــەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنـــەکان کـــە نزیکـــەی دو مانگ دواخراوە، ئایا ئەگەر هەڵبژاردن لەم بارودۆخەدا بکرێـــت دەبێتەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق؟**

- مـــن هیوادارم ســـەرکەوتو بێت و هەموو کەس پێشبینی ڕوودانی توندوتیژی دەکات، لەبەر ئـــەوەی لایەنە عێراقیـــەکان هەموو کارێك دەکەن، یاســـایی بێت یان نایاسایی بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان بکـــەن، بەڵام ئەمە باجێکـــە بۆ بنیاتنانی دیموکراســـی و دەبێت بدرێـــت، ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا هەنگاوی باشتر و جیدیتر بنرایە بۆ پرۆســـەی ئاشتەوایی ئەوا ئێســـتا بارودۆخەکە زۆر باشتر دەبوو. من پێم وایە ناکرێت خواســـت و داواکاری لایەنێکـــی دیاری کراو پشـــتگوێبخرێت و دەبێت هەمو لایەنـــەکان بگەنە ڕێککەوتن و کۆدەنگـــی و کار لەگـــەڵ یەکدا بکەن، ئەگەر هەمو عێراقیەکان بگەنە ڕێککەوتن لەســـەر ئەوەی کار بۆ ئەوە بکەن یەك براوە هەبێت کە ئەویـــش عێراقە ئەوا زۆرێك لە کێشـــەکانی ئەو وڵاتە چارەسەردەبێت. بە باوەڕی من ئەگەری ئەم لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتنەش لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی عێراق لـــە ئارادایە و دەکرێـــت متمانە لە نێوانیاندا بهێنرێتەدی.

**● ئایا تـــا چ ڕادەیەك لایەنە عێراقیەکان دەتوانن کار بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی کەرکوك بکەن و ئایا ئایندەی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی عێراق چۆن دەبینیت لە پەیوەندیدا بە کێشەی کەرکوکەوە؟**

- کاتێـــك بـــاس لـــە دەستنیشـــانکردنی کێشـــەکانی عێراق دەکرێت دابەش دەکرێت بـــۆ دوو بەش ئەوەی پەیوەندی بە تێکڕای عێراقییەکانـــەوە هەبێـــت، وەك گۆڕین و هەمووارکردنەوەی دەستور، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە چەند گروپێکی دیاری کراوەوە هەبێت وەك کێشەی کەرکوك، بە تێڕوانینی من ئەمـــە پۆلێنکردنێکی هەڵەیە و دەبێت کێشـــەکان دابەش بکرێن بۆ ئەو کێشانەی کـــە زۆر ئاڵـــۆزن و وا دەردەکەوێت هیچ چارەســـەرێکیان نیە، لەگەڵ ئەو کێشانەی کەمتر ئاڵۆزن کە دەبێت سەرەتا لەو کێشانەوە دەســـتپێبکرێت کە کەمتر ئاڵۆزن، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش، کە بەرژەوەندی هاوبەش دروســـت بوو، ئەوا هەوڵی پاراستنی دەدرێت، ئەمەش سەردەکێشـــێت بۆ دروســـتبوونی کەشێکی ئیجابی، هەر کاتێـــك گروپەکانی هەوڵی پاراســـتنی بەرژەوەندیەکانـــی لایەنەکانی دیکەیاندا، ئەوا بۆچی ناتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێت، بە ڕای من وایە هۆکارەکە نەبوونی متمانە و تـــرس و نیگەرانییە لە ئایندە.

**● ئایا ڕاســـپاردەت چییە بـــۆ کوردەکانی عێراق؟**

- بەردەوامبـــن لـــە هەوڵەکانتـــان بـــۆ ئەنجامدانـــی دیالۆگ لەگـــەڵ تێکڕای لایەنەکانی عێراقدا، من هەمیشە جیاوازی دەکـــەم لە نێوان دانوســـتاندن و دیالۆگدا، چونکە یەکەمیان پێویســـت بـــەوە دەکات بگەیتە ڕێککەوتن لەســـەر شـــتێك بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ئەمە پێویســـت نییە، لەبەر ئـــەوەی دیالۆگی خۆتان فراوانبکەن لەگەڵ هەموولایەنەکاندا، تەنانەت ئەوانەی بەرهەڵستی پرۆسە سیاســـییەکە دەکەن و هەوڵبدەن پەرە بە بەرژەوەندی هاوبەش بدەن و من پێم وایە کوردەکان دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵی ئیجابی ببینن.

**هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانیش بەوەدەبێت بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکە لەبەرچاوبگیرێت و کێشەی گروپە ئیتنی و ئاینیەکان چارەسەربکرێت**

**کاتێک من لە بەغدا بووم بۆم دەرکەوت کە لە ناو کوردەکاندا سەرکردەی بە توانا و لێهاتوو هەیە**




# کێشەکان لە بەغدا چارەسەر دەکرێن
# بەڵام دەبێت ئەمەریکا چاودێر و پشتگیری چارەسەرەکان بێت



کێشە و گرفتی سەرەکی رای گشتی و زۆربەی چاودێرانی سیاسی ئەمەریکا ئەوەیە، کاتێك پرسیاری ئەوەیان لێدەکەین، ئایا تاچەند ئەمەریکا رۆڵی دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا و تاچەند یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟ راستەوخۆ لە وەڵامدا دەڵێن چارەسەری کێشەکانی عێراق پەیوەندی بەعێراقییەکانەوە هەیە و ئەمەریکا نابێتە لایەن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا،ئەم پرسیارە نیشانەی ئەوەیە هێشتا بارودۆخی عێراق و بیرکردنەوەی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق وەك ئەوەی لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە لای ئەمریکییەکان ئاشکرا نییە، بۆیە هەمووکات جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەنەوە کە ئەمەریکا ناتوانێت هیچ رۆڵێك بگێریت، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع دەیبین ئەوەیە کە ئەگەر ئەمەریکا لە کێشەگرنگەکانی عێراقدا رۆڵی میانگیر و چاودێرێکی کاریگەر نەگێڕیت ئەوا زۆر زەحمەتە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا بگەنە رێککەوتن هەروەك چۆن ئەمجارە لە یاسای هەڵبژاردندا بینمان.

## تید گەلن کارپنتەر گەورە تۆژەری ئامۆژگای کاتۆ بۆ گوڵان:



# هەڵبژاردنەکان نابنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەڵکو تەنها دەبنەهۆی هێنانە پێشەوەی ئەو کێشانە

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپنتەر گەورە تۆژەری ئامۆژگای بەناوبانگی کاتۆیە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشـــەکانی عێراق و ئاگاداری رەوشی عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو حاڵەتی پێکنەهاتنـــەی کە لە نێوان لایەنە سیاســییەکانی عێراق لەکاتی تێپەڕاندی یاســای هەڵبژاردن بینیمان و کاریگەریی ئەو ناتەباییە لەســـەر رەوشی سیاسیی ئاییندەی عێراق پرۆفیسۆر کارپنتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

*** هەرچۆنێك بێت عێراقییەكان لەسەر یاسای هەڵبژاردن ڕێككەوتن، بەڵام چاودێران پێشبینی هەڵكشانی ئاستی توندوتیژی دەكەن لەگەڵ نزیكبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەكان كە نزیكەی دوو مانگ دواخراوە، ئایا ئەگەر هەڵبژاردن لەم بارودۆخەدا بكرێت دەبێتەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق بە شێوەیەكی ئیجابی؟**

- هەڵبژاردنەكان نابنەهۆی چارەسەركردنی كێشەكان، بەڵكو تەنها دەبنەهۆی هێنانەپێشەوە و زەقكردنەوەی ئەو كێشانە. كە هەندێ جار دەبنەهۆی ئاڵۆزكردنی بارودۆخەكەش، مەبەستم ئەوەیە من ناتوانم پێشبینی دەرئەنجام و ئاكامی هەڵبژاردنەكان بكەم، واتە دەكرێت بە ئاراستەیەكی ئیجابیدا بڕوات و بە پێچەوانەشەوە ئاراستەیەكی سلبی وەربگرێت. هەروەها دواخستنی هەڵبژاردنەكانیش ئاماژەبوون بەوەی گرژی لە نێوان لایەنە جیاوازەكانی عێراقدا لە ئاستێكی بەرزدایە. من پێم وایە هێشتا ئەمەریكا ئامادەنییە دەست لە ئامانجی عێراقێكی یەكگرتوو پاراستنی یەكپارچەی ئەو وڵاتە هەڵبگرێت، بەڵام هەندێ كەس لە ئەمەریكا ئەو پرسیارە دەكەن ئایا ئەمە ئامانجێكی واقیعیە. من دووبارەی دەكەمەوە ناتوانم پێشبینی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان بكەم، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە كە تا چ ئاستێك هەڵبژاردنەكان بە نەزیهی و پاكی بەڕێوەدەچن، چونكە ترس و نیگەرانی ئەوەیە هەیە حكومەتی مالیكی دەستكاری دەرئەنجامەكانی بكات، لە حاڵەتی ڕوودانی ئەمەشدا بارودۆخەكە ئەوەندەی دیكە ئاڵۆز دەبێت.

**ناتوانم پێشبینی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان بكەم، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە كە تا چ ئاستێك هەڵبژاردنەكان بە نەزیهی و پاكی بەڕێوەدەچن، چونكە ترس و نیگەرانی ئەوەیە هەیە حكومەتی مالیكی دەستكاری دەرئەنجامەكانی بكات**

*** ئێمە دەزانین پرۆسە سیاسییەكە لە عێراقدا بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، سەرەڕای ئەوەی یاسی هەڵبژاردنیش پەسەندكراوە، بەڵام مشتومڕە سیاسییەكان بوونەهۆی دواخستنی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ماوەی دوو مانگ، ئایا لەم بارودۆخە ناسەقامگیرەدا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەكات و چۆن وەسفی بارودۆخی ئێستای عێراق دەكەیت؟**

- ئەمە بەرەوپێشچونێكی زۆر خراپە، ئەو ڕاستییەی كە سەركردە سیاسییەكانی وڵاتێك نەتوانن تەنانەت لەسەر یاسایەكەی سەرەكی هەڵبژاردن بگەنە ڕێككەوتن، ئاماژەیە بە ئاست و مەودای ئەو دابەشبوونە سیاسییەی لە وڵاتەكەدا هەیە، هەروەها ئەو ڕاستیەی كە دژواریە سیاسیەكان بوونەهۆی دواخستنی هەڵبژاردنەكە ڕەنگە ئاماژەبێت بەوەی وڵاتەكە دووبارە دەچێتەوە قۆناغی ناسەقامگیری سیاسییەوە.

*** واتە تۆ لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنەكاندا نیت؟**

- مەسەلەكە ئەوەنییە من لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنەكاندام یان نا، بەڵكو ڕێكنەكەوتنی لایەنە سیاسییەكان بۆ ماوەیەكی درێژ لەسەر یاسای هەڵبژاردنەكان بە نیشانەیەكی خراپی دەبین كە تەنانەت ئەو ڕێككەوتن و سازشەشی هاتۆتەدی دیار نییە ئایا درێژەدەكێشێت یاخود دەبێت دووبارە گفتوگۆی لە بارەوە بكرێتەوە و ڕێككەوتنێكی تازە بهێنرێتەدی.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە هۆكاری ناسەقامگیری و چارەسەرنەبوونی كێشەكانی عێراق ئەوەیە پیاوی دەوڵەت لە عێراقدا نییە و سیاسییەكان وەك پیاوی دەوڵەت ڕەفتارناكەن، ئایا دەكرێت بەمشێوەیە وڵاتەكە بنیاتبنرێتەوە؟**

- سیاسییەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا زۆر بە نیگەرانیەوە لەم بەرەوپێشچوونە سیاسیانەی عێراق دەڕوانن، ترس و نیگەرانییەكە ئەوەیە دوای نزیكەی دوو ساڵ لە سەقامگیرییەكی ڕێژەیی دووبارە بارودۆخەكە بەرەو بارگرژی و ئاڵۆزی زیاتر بچێت، كە بوونی ناسەقامگیری سیاسیش كاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی كشاندنەوەی هێزەكانی ئەمەریكا، بە چەشنێك هەندێ كەس لە ئەمەریكادا فشار دەكەن بۆ دواخستنی ئەو كشاندنەوەیە كە بەرەو ێشچوونەكانی ئەم دواییەش ئەو ئاراستەیە زیاتر بەهێز دەكەن كە لەگەڵ دواخستنی كشاندنەوەدان. هەروەها سەرەڕای ئەو سازش و ڕێككەوتنەی هاتۆتەدی، ئەوا هێشتا چەندین كێشەی چارەسەرنەكراوی دیكە ماون، وەك یەكلاكردنەوەی چارەنوسی كەركوك كە هەموولایەك فشار دەكەن بۆ ئەوەی بڕیاری یەكلاكردنەوەی چارەنووسی ئەو شارە دوابخەن كە هەر دەبێت ئەم بڕیارەش بدرێت، بەڵام ترس و نیگەرانی من ئەوەیە هەر بڕیارێك لەمبارەیەوە بدرێت ڕەنگە سەربكێشێت بۆ سەرهەڵدانی گیروگرفت.

*** ئێمە دەبینین ناكۆكییەكانی نێوان شیعە و سوننەكان قوڵە و ڕەنگە تا ڕادەیەك ئاشتەواییكردنیان لەگەڵ یەكدا مەحاڵ بێت، ئەوەی تا ئێستاش بارودۆخەكەی وەك خۆی هێشتۆتەوە فشاری ئەمەریكییەكانە، ئایا دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا چی ڕوودەدات؟**

- ئەمە تەحەددایەكی گەورەیە لە بەردەم سوننە و شیعەكاندا، ئەوە ئاشكرایە كە زۆرێك لە سەركردە خێڵەكییە سوننەكان لە حكومەتی مالیكی ناڕازین بە تایبەتی بەهۆی دەستگیركردنی چەند سەركردەیەكی سونی دیارەوە لەلایەن ئەو حكومەتەوە، هەروەها سوننەكان نیگەرانن لە بارودۆخی دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە وڵاتەكەدا، چونكە ئەگەری ئەوەیە حكومەتی عێراقی كە شیعەكان باڵادەست دەبن بەسەریدا ناڕەزایی و ئامانجەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا لەبەرچاو نەگرن. ڕاستە گرژی نێوان شیعە و سوننەكان نەگەیشتۆتە ئاستی ئەوەی بەچەشنی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ توندوتیژی لێبكەوێتەوە، بەڵام ئەوەش ڕوونە سەركردە شیعە و سوننەكان متمانە بە یەكتر ناكەن و سوننەكانیش مەترسی ئەوەیان هەیە دووچاری سەركوتكاری ببنەوە لەلایەن حكومەتی شیعەكانەوە.

*** شیعەكان لە ناو خۆیاندا یەكگرتوو نین، بەڵكو چەندین لیست و قەوارەی جیاوازیان هەیە، بە هەمان شێوە سوننەكانیش، ئەمە سەرەڕای دەستێوەردانی دەرەكی كە كاریگەری هەیە لەسەر بەردەوامبوونی كێشەكانی عێراق، بۆ نموونە ئێران پشتیوانی لە شیعەكان دەكات و سعودییەش لە سوننەكان، ئایا بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە چییە لەم دەستێوەردانە لە كاروباری ناوخۆی عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا نیگەرانییەكی زۆر هەیە لە ئاست دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێكان لە كاروباری ناوخۆی عێراقدا، ئەوەش ڕاستە كە دابەشبوون و كەرتبونێكی سیاسی لە نێو شیعە و سوننەكاندا هەیە و مەترسی

من ئەوەیە ئێران و سعودییە لایەنە پاشکۆکانی خۆیان لە عێراقدا بەکاربهێنن بۆ ئەنجامدانی شەڕ و ململانێی بە وەکالەت لەسەر پتەوکردن و درێژکردنەوەی دەسترۆیشتووی خۆیان لە ناوچەکەدا کە من پێم وایە هێشتا ئەم مەترسییە نەرەویوەتەوە. لەچوارچێوەی ستراتیجیەتی زیادکردنی هێزەکاندا کە ئەمەریکا لە عێراقدا پیادەی کرد فشارێکی زۆر لە لایەن ئەمەریکاوە خرایە سەر سعودییە بۆ ئەوەی پشتیوانی خۆی بۆ گرووپە یاخیگەرییەکان کەمبکاتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانیشەوە هەبێت ئەوا ئەم وڵاتەش هەوڵی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی لە ڕێی چەند لایەنێکەوە کاریگەربێت لەسەر بارودۆخی عێراق، کەواتە بۆ ماوەیەك ئەم شەڕی بە وەکالەتەوە لەلایەن لایەنە عێراقییەکانەوە لە بری سعودییە و ئێران کراوەو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕەوتی ئەم دەستێوەردانانە زیادیان کردووە و هەڵکشاوتر بوونە یان نا.

*** ئێمە پێمان خۆش بێت یان نا ئەوا ئاڵۆزی و کێشە هەیە لە عێراقدا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە هەیە، چونکە عەرەبەکان هەوڵی پتەوکردنی پێگەی خۆیان دەدەن و سوورن لەسەر پێشێلکردنی مافی کوردەکان، بە چەشنێکی ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت، خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم بارودۆخەکە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، کوردەکان مافی خۆیانە تەواو نیگەران بن لەئاست بەرەوپێشچوونانەی لە ناو حکومەتی بەغدا ڕوودەدەن، کوردەکان توانیویانە ژینگەیەکی سەقامگیر هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە بخوڵقێنن، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا توانای پاراستن و درێژەدانیان هەیە بەم سەقامگیرییە؟ ئایا دەتوانن خۆیان لەو کێشانە لابدەن کە دووچاری ناوچەکانی دیکەی عێراق بووە؟ ئایا کێشەکانی عێراقی کاریگەری خراپیان نابێت لەسەر بارودۆخی کوردستان؟ کەواتە چەندین هۆکار لە ئارادان تاوەکو کوردەکان نیگەران بن لە بارەیانەوە.

*** کەواتە ئایا پێشبینی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ دەکەیت؟**

- من نازانم ئاستی گرژی و ئاڵۆزییەکە چەندە، هەروەها نازانم لە ئاییندەدا تا چ ئاستێك هەڵدەکشێت، بەڵام باوەڕم وایە هەر چارەسەرێك بۆ کێشەی کەرکوك بدۆزرێتەوە گرژی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

*** ئایا لەم ڕووەوە ڕاسپاردەت چییە بۆ کوردەکان؟**

- کوردەکان لە بەردەم ئەرکێکی هەستیاردان، ئەویش ئەوەیە چۆن بتوانن بەرژەوەندی هەرێمەکەیان بپارێزن، لە کاتێکدا وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراق بمێننەوە کە ئەم دەوڵەتەش ئەو هەموو کێشە و ناسەقامگیرییەی هەیە، ئەوەش ئاشکرایە چەندین کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم جاڕدانی سەربەخۆییدا هەیە. کەواتە ڕێگاچارە و ئیختیارگەلێکی زۆر باش لە بەردەم کوردەکاندا نییە و من پێم وایە دژواری و ئاڵۆزییەکان بەرەو زیادبوون دەچن لەبری ئەوەی بەرەو کەمبوونەوە و نەمان بچن.

*** بەڵام هەر کاتێك گفتوگۆ لە بارەی ئەم کێشانەوە بکرێت ئەوا ئەمەریکا فشارێکی زیاتر دەخاتە سەر کوردەکان نەك عەرەبەکان، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- وەڵامێکی کورتی ئەم پرسیارە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیاری پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەی خاکی عێراقە و نیگەرانە لەوەی ئەگەر گرژی نێوان کورد و عەرەبەکان چارەسەرنەکرێت، ئەوا عێراق وەك دەوڵەت بەرەو پارچە پارچە بوون دەچێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕەوا بێت یان نا، بەڵام زۆرێك لە ئەمەریکییەکان پێیان باشترە فشاری زیاتر بخرێتە سەر کوردەکان نەك عەرەبەکانی عێراق. ڕاستە کەسانێك هەن لە ئەمەریکادا پێیان وایە عێراق وەك دەوڵەت بەردەوام نابێت، لەبەر ئەوە باشترە پشتیوانی لەو بەشەی عێراق بکرێت کە پتر دۆستی ئەمەریکان کە بە دڵنیاییەوە ئەویش کوردەکانن، بەڵام ئەم کەسانە هێشتا کەمینەن لە ئەمەریکادا. بەڵام ئەگەر ناسەقامگیری لە عێراقدا بەرەو هەڵکشان بچێت و گرژی و ئاڵۆزی نێوان کورد و عەرەبەکان زیاتر بێت، ئەوا ئەگەری ئەوەیە تێڕوانینی ئەم کەمینەیە لە ناو ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا بەهێز بێت و بگرە باڵادەستیش بێت.

*** ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە دەربارەی ئەوەی ئەمەریکا پتر بایەخ بە ئەفغانستان دەدات و کەمتر گرنگی بە عێراق دەدات؟**

- ئەمە ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئۆباما خوازیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا بە پێی ئەو خشتەیەی دانراوە و لە ڕاستیدا بەشێك لەم هێزانە دووبارە لە ئەفغانستاندا بڵاودەکرێنەوە. کەواتە ئیدارەی ئۆباما خوازیارە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا گرژی و ئاڵۆزی و توندوتیژییەکی کەم لە عێراقدا ڕووبدات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم کشانەوەیە تەواو بکات.

*** ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا هیچ پەیوەندییەك لە نێوان عێراق و ئەمەریکا دەمێنێت؟**

- من پێم وایە لە دوای کشانەوەی ئەم هێزانە ئەمەریکا مرونەتێکی زیاتری دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقدا لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە. ئامانجی ئەمەریکا ئەوەیە عێراق سەقامگیر بێت و هەرەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە نەبێت، کە هەندێ کەس ئەمە بە ئامانجێکی ناواقیعی دەزانن. بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەگەر ئاستی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەرەو هەڵکشان بچن، ئەوا یەکێك لە ڕێگاچارەکانی بەردەم ئەمەریکا پشتگیری کردن دەبێت لە سەربەخۆی ئەمری واقیعی کوردستان کە ئەمەش یەکێکە لە ڕێگاچارەکان نەك تەنها ڕێگاچارە.

*** ئایا پێشبینی دابەشبوونی عێراق دەکەن، ئایا لەم حاڵەتەدا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- من ناتوانم هیچ پێشبینیەك بکەم لەم ڕووەوە،ئەوەی پەیوەندی بە ئەمەریکا هەبێت، ئەوا ئەمەریکا سەرقاڵە بە ئەفغانستانەوە و هەوڵی ئەوەدەدات ئەرکەکانی لە عێراقدا کەم بکاتەوە و هەر شتێك ڕووبدات ببێتەهۆی تێکدانی ئەم پلانە ئەوا دەبێتە گیروگرفتێکی گەورە بۆ ئەمەریکا.

**ئایا کێشەکانی عێراقی کاریگەری خراپیان نابێت لەسەر بارودۆخی کوردستان؟ چەندین هۆکار لە ئارادان تاوەکو کوردەکان نیگەران بن لە بارەیانەوە**

**کەسانێک هەن لە ئەمەریکادا پێیان وایە عێراق وەک دەوڵەت بەردەوام نابێت، لەبەر ئەوە باشترە پشتیوانی لەو بەشەی عێراق بکرێت کە پتر دۆستی ئەمەریکان کە بە دڵنیاییەوە ئەویش کوردەکانن**

دانیاڵا پیلتکا جێگری سەرۆکی ئامۆژگای ئەمەریکان ئەنتەر پرایس بۆ گوڵان:



# یاسای هەڵبژاردن بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام هەڵبژاردنێکی ڕێک و پێک لە پابەندبوون بە وادەیەکی دیاریکراوەوە گرنگترە

**هەر وڵاتێک کە دوای ٣٠ ساڵ لە دیکتاتۆریەت خوازیاری ئەوەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا بەرەوپێشەوەبچێت شتێکی حەتمیە کە لە قۆناغی ئینتیقالیدا دووچاری دژواری ببێتەوە**




**پرۆفیسـۆر دانیال پلیتکا جێگری سـەرۆکی ئامۆژگای بەناوبانگی ئەمەریکان ئەنتەر پرایسە و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر عێراق و سیاسـەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمەریکا و ماوەی ١٠ سـاڵ ئەندامی ستافی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەنات بووە و تایبەتبەتمەند بووە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك و باشوری رۆژئاوای ئاسیا، سەبارەت بە باردۆخی ئێستای عێراق خاتوو دانیالا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێمە دەزانین پرۆسـە سیاسـییەکە لە عێراقدا بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، سـەرەڕای ئەوەی یاسـی هەڵبژاردنیش پەسەندکراوە، بەڵام مشت و مڕە سیاسییەکان بوونەهۆی دواخستنی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ماوەی دوو مانگ، ئایا لەم بارودۆخەدا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات و کاریگەری ئەم دواخستنە چییە؟**

- هـەر وڵاتێـك کە دوای ٣٠ سـاڵ لە دیکتاتۆریـەت خوازیـاری ئەوەبێـت لە پرۆسـەی سیاسـیدا بەرەوپێشـەوەبچێت شتێکی حەتمیە کە لە قۆناغی ئینتیقالیدا دووچاری دژواری ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەی یاسای هەڵبژاردن بێ کەم و کوڕی نییە، هەروەها پرۆسەی هەڵبژاردنیش بێ کەم و کوڕی نابێت، بەڵام من ئیعجابێکی زۆرم بە یاسـادانەرانی عێراق هەیە کە توانیان بەرەوپێشچوون لەپرۆسەکەدا بهێننەدی.

*** ئایـا هیـچ کاریگەرییەکـی خراپی دواخستنی هەڵبژاردن بەدی دەکەیت؟**

- ئیدارەی ئۆباما نیگەرانی ئەوەی هەبوو ئەم دواخستنە کاریگەری هەبێت لەسەر مەسەلەی کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـکا، بەڵام من پێم وایـە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکـی ڕێـك و پێـك گرنگترە لە پابەندبوون بە وادەیەکی دیاریکراوەوە.

*** ئایـا دەکرێـت بەمشـێوەیە وڵاتەکە بنیاتبنرێتەوە؟**

- ئەمە پرۆسەیەکی فێربوونی بەردەوامە، واتە هیچ کەسێك لە دایك نابێت و بەهرەی ئەوەی تێدابێت سیاسـیەکی بـە توانا و بەرپرس بێت، لە هەمـان کاتدا خەڵکانی دیکـەش لەگـەڵ دایکبوونیاندا بەهرەی تێگەیشتنیان لەگەڵ خەڵقنابێت کە دەبێت کاربەدەسـتەکان لە ئاستی بەرپرسیاریتێدا بن. دەبێت عێراقیەکانیش ئەو ڕاسـتیەیان لەبەرچاوبێت ئەمە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاوە و بەم شێوەیە دەتوانن بەرەوپێشـەوەبچن و و ناکرێـت موعجیزە ڕووبـدات لەم پرۆسـەیەدا. ئـەوەی لەم پرۆسەیەدا پێویسـتە بوونی سیستمێکی بەهێـزی بەرپرسـیارێتیە، ئەمنیەتێکی باشـتر و گەندەڵیەکی کەمتـرن لەگەڵ پاراسـتنی مافی کەمینـەکان، من پێم وایە عێراق بە ئاڕاستەی دروستدا هەنگاو دەنێت ئەگەرچی پرۆسـەکەش بە سستی بەڕێوەدەچێت.

*** ئەوەی تا ئێسـتاش بارودۆخەکەی وەك خۆی هێشتۆتەوە فشاری ئەمەریکییەکانە، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چی ڕوودەدات؟**

- لایەنەکان ئـەو کاتە دەگەنە ڕێککەوتن و سـازش کە لە حاڵەتی ڕێکنکەوتنیاندا زیانێکی زیاتر دەکەن، واتە ئەو کاتە کورد و سوننە و شـیعەکان دەگەنە ڕێککەوتن کە لە حاڵەتی نەگەیەشتن بە ڕێککەوتندا ئەگەری ئەوە هەیـە باجێکی گران بدەن، ئەمە مێژوی هەموو وڵاتانی جیهانە، شیعە و سوننەکانیش لەمە بەدەر نین. پرۆسەکە لە عێراقدا بە سستی بەڕێوەدەچێت، بەڵام گرنـگ ئەوەیە بەردەوام بێـت، واتە وەك ئەوەی ئەمەریکیـەکان دەڵێن دو هەنگاو بۆ پێشەوە و هەنگاوێك بۆ دواوە. ئەمەش شتێکی سروشتیە.

*** شیعەکان لە ناو خۆیاندا یەکگرتو نین، بەڵکو چەندین لیست و قەوارەی جیاوازیان هەیـە، بە هەمان شـێوە سـوننەکانیش، ئەمە سەرەڕای دەستێوەردانی دەرەکی کە کاریگەری هەیە لەسـەر بەردەوامبوونی کێشـەکانی عێراق، بـۆ نموونـە ئێران پشتیوانی لە شیعەکان دەکات و سعودیەش لە سوننەکان، ئایا بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە چییـە لەم دەسـتێوەردانە لـە کاروباری ناوخۆی عێراقدا؟**

- هەمـوو دەوڵەتە دراوسـێکانی عێراق هەوڵی دەسـتێوەردان دەدەن لە کاروباری ناوخـۆی عێراقدا، بـەڵام گرنگە ئەوەیە هەڵوێسـتی خەڵکی عێـراق چی دەبێت، مەبەستم ئەوەیە چۆن خەڵکی عێراق دەتوانن وڵاتێکی سەرکەوتو بنیاتبنێن بە چەشنێك ڕێگە نـەدەن دەسـتێوەردانە دەرەکیەکان کاریگەری خراپیـان لێبکەوێتەوە، یاخود بتوانن کاریگـەری ئەو دەسـتێوەردانانە کەمبکەنەوە.

**هەموو دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق هەوڵی دەستێوەردان دەدەن لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا**

# پیتەر فیەفەر بۆ گوڵان:



# پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان دەوەستێتەسەر ئەو بەرەوپێشچوونانەی لە ساڵی ٢٠١٠ ڕوودەدەن

**پرۆفیسۆر پیتەر فیەفەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی دیوك و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ڕەوشی سیاسیی عێراق و هەتا ساڵی ٢٠٠٤ یەکێك بووە لە راوێژکارانی پێنتاگۆن لەسەر ڕەوشی عێراق، بۆ تاوتوکردنی باردۆخی ئێستای عێراق و ڕەوشی ئاڵۆزییەکان پرۆفیسۆر فیەفەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

> دواخستنی هەڵبژاردن کارێکی باش نییە، بەڵام باشترە لە هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکان

> لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاشدا دەبێت عێراقییەکان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ و ئەگەر شکست بهێنن لەم ئەرکەشدا ئەوا ئەمە دەبێتە ئاماژەیەکی شووم بۆ ئەو ئایندەیەی چاوەڕوانی عێراق دەکات

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق وەسف دەکەیت؟**

- هەواڵەکانی ئەم دواییە، بە تایبەتی ئەمشەو( مەبەستی شەوی سێ شەمەی رابردوو لەسەر چوارشەمەیە) کە هێشتا من هەواڵی ئەم بەیانیە نازانم، جێی ئومێدە، لەبەر ئەوەی لایەنە عێراقییەکان توانیان بگەنە سازشێك بۆ ئەوەی بوار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان برەخسێنرێت، واتە عێراقییەکان توانیان بگەنە ڕێککەوتن و چارەسەرێك بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکەدا و ئەمەش لەگەڵ ڕەوتی ئەو پێنج شەش ساڵەی ڕابردووودا دەگونجێت کە لە ڕووی سیاسییەوە بەرەوپێشچوون هاتۆتەدی.

*** ئایا لەم بارودۆخەدا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات و کاریگەری ئەم دواخستنە چییە؟**

- دواخستنی هەڵبژاردن کارێکی باش نییە، بەڵام باشترە لە هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکان. ئەوەی عێراقی پێویستی پێیەتی پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتیانەیە کە ئامانج لێی چارەسەرکردنی کێشەکان بێت، نەك هاوپەیمانێتیەکان لەسەر بنەمای دابەشبوونی تائیفی بن، واتە عێراقییەکان پێویستیان بە تێڕوانینی هاوبەشە وەك بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و باشترکردنی ئەدای ئابووری وڵاتەکە، نەك کارکردن لەسەر بنەمای بەرژەوەندە بەرتەسکە تائیفیەکان کە ئەمەیان بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسیەکە سست دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەکانی بارودۆخی عێراق زۆر ئیجابی نین، بەڵام لە هەمان کاتدا نائومێدت ناکەن، ئەوە واقیعە و نکۆڵی لێناکرێت کە هەندێ لایەنی عێراقی خواستی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکە لەو بارودۆخە پڕ لە پشێویەی تێیکەوتوە و ئامانجیان بەرەوپێشبردنی پرۆسە دیموکراتیەکەیە.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە هۆکاری ناسەقامگیری و چارەسەرنەبوونی کێشەکانی عێراق ئەوەیە پیاوی دەوڵەت لە عێراقدا نییە**

**و سیاسییەکان وەك پیاوی دەوڵەت ڕەفتارناکەن، ئایا دەکرێت بەمشێوەیە وڵاتەکە بنیاتبنرێتەوە؟**

- ئەوە یەکێکە لە نیگەرانە سەرەکییەکان و ئەگەر عێراقییەکان بتوانن بەسەر ئەم تەحەددایەدا زاڵبن ئەوا ئایندەیەکی گەش بۆخۆیان مسۆگەر دەکەن، ئەگەر نەتوان بەسەریدا زاڵبن ئەوا ناتوانن ئەو دەرئەنجامە بەدەست بهێنن.

*** ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چی ڕوودەدات؟**

- لە ڕاستیدا کێشە و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان جێی نیگەرانییە، بەڵام ئەمە تەنها ناکۆکی و کێشەیەك نییە، بەڵکو کێشە لە نێوان کورد و عەرەبەکانیشدا هەیە، بە هەمان شێوە کورد و تورکمانەکان، واتە چەندین دابەشبوونی تائیفی و ئیتنی لە عێراقدا هەن، من پێم وایە چارەسەرەکە بنیاتنانی ناسنامەیەکی یەکگرتووە کە ئەویش عێراقیبوونە، واتە دەکرێت تورکمانێکی عێراقی هەبێت، عەرەبێکی عێراق و کوردێکی عێراقی هەبێت، بەڵام دەبێت هەموویان هەست بە عێراقیی بوون بکەن و کار بۆبنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکەیەکی سیاسی بەهێزبکەن، چونکە لە کاتی لاوازبوونی عێراقدا دەوڵەتە دراوسێکان هەوڵی باڵادەستبوون و کاریگەربوون دەدەن بەسەر وڵاتەکەوە، بە تایبەتی ئێران. لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاشدا دەبێت عێراقییەکان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ و ئەگەر شکست بهێنن لەم ئەرکەشدا ئەوا ئەمە دەبێتە ئاماژەیەکی شووم بۆ ئەو ئایندەیەی چاوەڕوانی عێراق دەکات کە من هیوادارم کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن بێت بۆ هەل و مەرجی سەر ئەرزی واقیع نەك بە پێی خشتەیەکی دەستکرد واتە بە شێوەیەك بێت بوار بۆ عێراقیەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوی قۆناغی ئینتیقالی تێپەڕێنن.

*** شیعەکان لە ناو خۆیاندا یەکگرتو نین، بەڵکو چەندین لیست و قەوارەی جیاوازیان هەیە، بە هەمان شێوە سوننەکانیش، ئەمە سەرەڕای دەستێوەردانی دەرەکی کە کاریگەری هەیە لەسەر بەردەوامبوونی کێشەکانی عێراق، بۆ نموونە ئێران پشتیوانی لە شیعەکان دەکات و سعودیەش لە سوننەکان، ئایا بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە چییە لەم دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا؟**

- نیگەرانی سعودییە لە ئاست بارودۆخی عێراقدا پەیوەندیی بە کاریگەری ئێرانەوە هەیە لەسەر ئەو وڵاتە، کە من پێم وایە عێراقێکی لاواز و دابەشبوو تەنها لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئێراندا دەبێت و و دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندی وڵاتانی دیکەیە، بەدڵنیاییەوە دژی بەرژەوەندی عێراقیەکانیشە. من هیوادارم عێراقیەکان کارێك نەکەن ببێتە مایەی هەلڕەخساندن و کارئاسانی بۆ پتەوکردنی نفوزی ئێران لە عێراقدا، بەڵکو کار بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان بکەن لە وڵاتەکەدا.



*** عەرەبەکان هەوڵی پتەوکردنی پێگەی خۆیان دەدەن و سوورن لەسەر پێشێلکردنی مافی کوردەکان، بە چەشنێکی ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت، خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم بارودۆخەکە؟**

- تەحەددای بەردەم کوردەکان ئەوەیە ئەوان تەنها لە عێراقێکی یەکگرتوو و بەهێز و سەقامگیردا دەتوانن بەرەوپێشچوون و گەشەکردن بهێننەدی، بەڵام ئەمەش پێویستی بە سازشکردن هەیە لە لایەن کوردەکانەوە،، من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم ئەمەریکا پشتیوانێکی بەهێزی کوردەکان بووە و ئێستاش خوازیاری بەرەوپێشچونی پرۆسە سیاسیەکە و دەیەوێت کورد یارمەتیدەر بێت لەم ڕووەوە نەك ئاستەنگ بخاتەبەردەمی.

*** بەڵام هەر کاتێك گفتوگۆ لە بارەی ئەم کێشانەوە بکرێت ئەوا ئەمەریکا فشارێکی زیاتر دەخاتە سەر کوردەکان نەك عەرەبەکان، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- کێشەکە ئەوەیە عەرەبەکانیش هەمان شت دووبارە دەکەنەوە و بانگەشەی ئەوەدەکەن ئەمەریکا فشاری زیاتر دەخاتەسەر ئەوان و ڕایی دەگەیەنن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کارێکی کردووە کوردەکان بتوانن هەموو دەستکەوتێك بەدەست دەهێنن، ئەوەی ئاشکرایە هەردوولا هەست بە توڕەیی و ناڕازیبوون دەکەن و ئەوەش ڕاستە ئەمەریکا لەم ڕووەوە کەم و کوڕی هەبووە. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت ئەوا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کورد و ئەمەریکا پەیوەندییەکی دوورودرێژیان لەگەڵ یەکدا هەبووە و کوردەکانیش کەسانی بوێر و بەهێزبوونە لە ڕووی هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ٢٠١٠ ساڵێکی هەستیار دەبێت و پەیوەندیەکانی ئەمەریکا و کوردەکانیش دەوەستێتەسەر ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەو ساڵەدا ڕوودەدەن.

**نیگەرانی سعودییە لە ئاست بارودۆخی عێراقدا پەیوەندیی بە کاریگەری ئێرانەوە هەیە لەسەر ئەو وڵاتە**

**کورد و ئەمەریکا پەیوەندییەکی دوورودرێژیان لەگەڵ یەکدا هەبووە و کوردەکانیش کەسانی بوێر و بەهێزبوونە لە ڕووی هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا**